

# ئیرادەی گەلی کوردستان پۆڵایینە .. گرەو لەسەر شکاندنی ناکرێت

## پێکەنینێک بۆ ئەو ئەقڵانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆم دەکەن

بەرێز مسرور بارزانی لە دیمانەکەیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی رووداو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان ئێستا لەلایەن حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراقەوە داگیرکراوە و ناکرێت ئەو واقیعە قبوڵ بکرێت، هەروەها سەبارەت بە پارێزگاری کەرکوکیش دیسان ئاماژەی بەوەکرد، کە لای کورد نەجمەدین کەریم پارێزگاری هەڵبژێردراوی کەرکوکە و هەر ئەویش هەتا ئێستا شەرعییەتی پارێزگاری ئەو شارەی هەیە.

ئەم قسانەی مسرور بارزانی بە شێوەیەك لە شێوەکان لە نەخشە ریگەیەك دەچێت بۆ کۆتاییهێنان بەداگیرکاری و چارەسەرکردنی کێشەکان و گێڕانەوەی واقیعەکان بۆ پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە خوێندنەوەی بن دێڕی ئەم قسانەش هەست بەوە دەکرێت، کە ئەم قسانە لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیامێکن بۆ حکومەتی عێراق ، بەوەی کوردستان بە شەڕ بێت یان بە دیالۆگ و دانوستاندنی ئاشتیانە بێت، ئەو واقیعە قبوڵ ناکات و دەبێت کۆتایی بێت، لە هەمانکاتیشدا پەیامێکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەمریکا کە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بە عێراقی راگەیاندووە کە داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانە هیچ شتێك لە واقیعی ئەوە ناگۆڕێت کە ئەو ناوچانە ، ناوچەی کێشە لەسەرن و دەبێت لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراقدا چارەسەربکرێن و لەهەمانکاتیشدا هەتا ئەو ماددەیە بە تەواوەتی جێبەجێ دەکرێت ئەوا دەبێت بە هاوبەشی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە چاودێریی ئەمریکا بەڕێوە ببرێن.

پێدەچێت هەتا ئێستاش حکومەتی بەغدا خۆش خەیاڵی ئەوە بێت کە دەتوانێت بە یاریکردن بەکات یان بە درێژەدان بە گەمارۆی ئابووری یاریکردن بە هەستی فەرمانبەرانی کوردستان و درێژەدان بە مووچە بڕینیان، دەتوانن ئەمری واقیعی داگیرکاری بەسەر کەرکوك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان فەرز کردووە، بەڵام ئەوەی لەبیر خۆی بردۆتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك وەڵامدانەوەیەك و رێزگرتنێك لە داواکارییە نێودەوڵەتییەکان کە داوا دەکەن کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا بە دیالۆگ و دانوستاندن لە چوارچێوەی دەستوور چارەسەر بکەن، جۆرێك لە نەرمی نواندنی هەڵبژاردووە، پێدەچێ بەغدا ئەو تەفسیرەی بۆ هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبێت کە ئەوە لەلاوازییەوەو ناچاربووە ئەمری واقیعی سەربازی و داگیرکاری قبوڵ بکات.

ئەوجا بۆ ئەوەی حکومەتی بەغدا و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق لەو خۆش خەیاڵییە بە ئاگابێنینەوە ، جێگەی خۆیەتی راشکاوانە ئەوەیان پێ بڵێین، ئێمە کاتێك چووینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە (بەڵێ) دەنگمان بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا، نەك هەر مووچە و بودجەی ئێوەمان رەتکردەوە بەڵکو تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراقیشمان رەتکردەوە و لە میانەی (بەڵێ) کانمانەوە پێمان گوتن ، مووچە و بودجە و پرۆسەی سیاسی

پیرۆزی خۆتان بێت و ئێمە بڕیارمانداوە خۆمان دەتوانین وڵاتی خۆمان بەڕێوەبەرین و کاروباری خۆمان دابین بکەین.

حکومەتی بەغدا کە ماوەی ٣ مانگی تەواوە ، کوردستانی کردۆتە ئۆردوگایەکی زۆرە ملێی گەمارۆدراو ، دەیەوێت بە جیهان بڵێت ، ئەمەیە ئەو دەوڵەتە فیدراڵیەی کە تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای دەکات و پشتگیری لێدەکات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیای چوارەمدا کە جیهان نەك هەر بۆتە گوندێکی بچووك بەڵکو بۆتە ماڵێکی بچووك، تاچەند ئەقڵی عەبادی دەتوانێت خۆڵ لە چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهان بکات؟ یان بیەوێت بەناوی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە هەموو کوردستان وەك ئۆردوگایەکی زۆرە ملێ گەمارۆ بدات؟ گریمان ، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەك سەردەمانی شەڕی سارد چاوی خۆی کوێر بکات لەئاستی ئەم دیمەنانە و گوێی خۆی کەڕ بکات لە ئاستی ئەو رەفتارە دژە مرۆڤایەتیانەی کە حکومەتی عەبادی دژی خەڵکی کوردستان دەیکات، ئایا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بێدەنگ دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مێژووی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بڕیارە بوێرانە و یەکلاکەرەوەکانی سەرۆك مسعود بارزانی دەیداتەوە، بۆیە ئەگەر حکومەتی عەبادی ئاگای لەوە نەبێت کە وا خەریکە جامی غەزەب و تووڕەیی کوردستان پڕدەبێت و لێی دەڕژێت، ئەوا کاتێك بە هۆش خۆی دێتەوە، کە سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان ئەمجارەش ئەوەی بڕیارەی (چی دەبێت با ببێت) ، هەروەك چۆن لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ لەدژی تیرۆریستانی داعش ، بڕیاری کوردستان یان نەمان درا و پاشانیش هەموو جیهان بینی کە چۆن بەرپەرچی تیرۆریستانی داعش درایەوە.

لای گەلی کوردستان و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی هەر لایەنێکی سیاسی هەوڵی ئەوە بدات یان بیەوێت هەوڵ بۆ ئەوە بدات کە ئیرادە و کەرامەتی کورد و کوردستان تێکبشکێنێت، هەر ناوێکی هەبێت بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان هەر (داعشە) و هەروەك داعشیش بڕیاری لەبەرامبەر دەدرێت و هەروەك ئەویش شەڕی لەگەڵ دەکرێت و بەخوێنی رۆڵەکانی خاکی کوردستانی لێ پاك دەکرێتەوە، ئەوەی بۆ ئێستا گونجاوە و پێویستە غروری حکومەتەکەی عەبادیی پێ بشکێنرێت، بەبیر هێنانەوەی غروریی سەدام حوسێنە کە لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق - ئێران دەیویست بەو سوپایەی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق – ئێرانی پێبردبۆوە، بە هەمان شێوە ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بشکێنێت و بە حسابی خۆی کۆتایی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بهێنێت، سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٨٨ لە خۆش خەیاڵی ئەو سەرکەوتنە سەربازییانەوە، لە خاکورك رووبەڕووی بڕیاری سەرۆك بارزانی و ئیرادەی لەبن نەهاتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووەوە لوتی شکا، بەڵام ئەو لوت شکانە بەس نەبوو بۆ ئەوەی سەدام حوسێن بە تەواوەتی بەهۆش خۆی بێتەوە، بۆیە ئەو غرورییە وای کرد کوێت داگیربکات و پاشان بینیمان چی بەسەر هات. پێدەچێت حەیدەر عەبادی بە هەمان غرور و خۆش خەیاڵیی سەدام حوسێنەوە، ئێستا سەیری هەرێمی کوردستان و ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکات، بەڵام چۆن پێشتر لە پردێ و سحێلا لووتیان شکاندن، ئەوا لە هەر جووڵەیەکی سەربازی دیکەدا بە هەمان شێوە لووتیان دەشکێنرێتەوە.

کێشەی سیاسەتمەدار و حزبە شیعەکانی عێراق ئەوەیە، لەو ماوەیەی کە بەشێکیان ئۆپۆزسیۆن بوون دژی رژێمی سەدام حوسێن، بەدیلیان بۆ دوای رژێمی سەدام حوسێن، حکومەتێکی دیموکراتی و فیدرالی نەبووە، بەپێچەوانەوە و گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باشتر لەو راستییە تێبگات کە لەوانەیە ئەقڵی سیاسەتمەدارانی شیعەی عێراق هەتا ئێستاش حکومەتێکی دیموکراتی و فیدرالی بە بەراوردکردن بە سیستمی ولایەتی فەقیە بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە جۆرێك لە کەمی یان سووکایەتی بۆ بیروباوەڕی مەزهەبگەرایی خۆیان لە قەڵەمبدەن و ، بەوجۆرە بیر دەکەنەوە هەر کەسێك کۆماری ئیسلامی عێراقی لە چوارچێوەی سیستمی ولایەتی فەقیە قبوڵ نەبێت، ئەمە وەك ئەوەیە رێنماییەکانی وەلی فەقیە (جێنشینی ئیمامی مەهدی) رەتبکاتەوە بەمەش کافر و لادەر

**ئەم قسانەی مسرور بارزانی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە نەخشە رێگەیەک دەچێت بۆ کۆتایهێنان بەداگیرکاری و چارەسەرکردنی کێشەکان و گێڕانەوەی واقیعەکان بۆ پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە خوێندنەوەی بن دێڕی ئەم قسانەش هەست بەوە دەکرێت، کە ئەم قسانە لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیامێکن بۆ حکومەتی عێراق ، بەوەی کوردستان بە شەڕ بێت یان بە دیالۆگ و دانوستاندنی ئاشتیانە بێت، ئەو واقیعە قبوڵ ناکات و دەبێت کۆتایی بێت**

دەبێت، هەر بۆیە کە لە ئێستادا سەیری ڕەفتار و کارە دژە مرۆڤایەتییەکانی حەشدی شەعبی لە دووزخورماتوو و کەرکوك دەکەین ، هەست دەکرێت بەکردەیی ئەوەمان پێدەڵێن کە باسکردنی دیموکراتی و فیدرالی کوفرێکە و دەبینە لادەر و مورتەد ئەگەر باسی بکەین.

لەم بازنەیەدا گرنگە ئیدی تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە هەتا ئێستا بە بیانووی ڕێزگرتن لە (عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتی ) بێدەنگییان بەرامبەر داگیرکردنەوەی کوردستان و ڕەفتاری دژە مرۆڤایەتی چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان پیشانداوە، بگەنە ئەو ڕاستییەی کە ئەقڵییەتی سیاسەتمەدارانی شیعەی عێراق و لەسەرووی هەمووشیانەوە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق، ناتوانن چەمکی (فیدرالی و دیموکراتی ) قبوڵ بکەن و باوەڕە مەزهەبگەراییەکەیان ئەم دوو چەمکە بە دوو چەمکی کوفر و داهێنانی ڕۆژئاوا دەزانن و ئەوانەشی جەخت لەسەر چەسپاندنی فیدرالی و دیموکراتی بۆ عێراق دەکەنەوە بە پرۆ ڕۆژئاوا و لایەنگیری شەیتانی گەورە دادەنێن یان وەك ئەوەی لە کۆماری ئیسلامی ئێران وەك سووکایەتییەك بە (غرب زادەگی ) ناویان دەبەن.

لێرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتی ئەمریکا کە خۆی بە خاوەنی عێراق دەزانێت و دەیەوێت عێراق وەك ناوچەی نفوزی خۆی بمێنێتەوە، دەبێت وردتر لەسەر سایکۆلۆژییەتی سیاسیی سیاسەتمەدارانی شیعە هەڵوەستە بکات، لەمەش زیاتر دەبێت بگەنە ئەو قەناعەتەی ئەو عێراقە فیدرالی و دیموکراتییەی ئەمریکا پشتگیری لێدەکات و لەسەر ئەو عێراقە تیشکی سەوزی دایە حەشدی شەعبی کوردستان داگیر بکاتەوە، دەبێت زۆر باش بزانێت، کە حەشدی شەعبی و چەکدارەکانی شیعە و سیاسەتمەدارانی شیعە، نەك هەر گاڵتەیان بەو (عێراقە فیدرالی و دیموکراتییە) دێت، بەڵکو سیستمی فیدرالی و دیموکراتی بە داهێنراوی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەزانن کە ئەوان بە شەیتانی گەورە ناوی دەبەن، بێگومان ئەمەشیان نەشاردۆتەوە کە چۆن حزبوڵای لوبنانی ئاڵای ئەمریکا ڕادەخەن و بەسەریدا دەڕۆن، بەهەمان شێوە و هەموو لایەکیش بینیویەتی کە حەشدی شەعبی شیعەی عێراقیش بە هەمان شێوە ، ئاڵای ئەمریکا ڕادەخەن و بەسەریدا دەڕۆن، هەروەها بینیمان فەرماندەکانی حەشدی شەعبی عێراق، چۆن وەڵامی داواکارییەکەی ریکس تیلێرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکایان دایەوە، کاتێك داوای لە حەیدەر عەبادی کرد کە ئەو میلیشیا وەکیلانەی ئێران لەناو حەشدی شەعبی هەن دەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە.

ئێستا گەلی کوردستان لەبەردەم دووڕیانێکدایە، لەلایەك هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەر بۆ ئەوەی حکومەتەکەی عەبادی کە بە خۆی دەڵێت (حکومەتی ئیتحادی ) ڕێز لەناوەکەی خۆی بگرێت و وەك حکومەتێکی فیدرالی دەستوور جێ بەجێ بکات و ڕێزی خۆی بگرێت، لەلایەکی دیکەوە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی جیهان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی ، ئەگەر حکومەتی عێراق بەراستی حکومەتێکی فیدرالی بوایە و ڕێزی لە دەستوور بگرتایە لەوانەیە لە ئێستادا کوردستان پەنای بۆ ریفراندۆم نەبردایە ، لەبەر ئەوەی بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی ، بیرۆکەیەکی کوردستانی بووە و ئەوکات و ئێستاش عەرەبی عێراق بەشیعە و سوننە تێنەگەیشتوون و ناشیانەوێت لێی تێبگەن. هەر بۆیە ئەگەر حەیدەر عەبادی یاری بە سیستمی (فیدرالی و دیموکراتی لە عێراقدا ) بکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش خەمساردانە چاوەڕێی ئەو بن ، ئایا حکومەتی عەبادی دەبێتە حکومەتی فیدرالی یان نە؟ ئەوا گەلی کوردستان ناچار دەبێت خۆی وەڵامی حکومەتی عەبادی بداتەوە و پێی بڵێت، ئەگەر دەتەوێت حکومەتێکی فیدرالی بیت، فەرموو ئەو دەستوورە جێ بەجێی بکە و ئەگەر دەتەوێت دیکتاتۆریش بێت، ئەوا کوردستان چۆن لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی پێش تۆ مامەڵەی کردووە، ناچارە لەگەڵ حکومەتی ئێستای هەر بەو جۆرە مامەڵە بکات و بەو زمانە قسە بکات کە لێی تێدەگات، ئەوەشی بە هەر بیانوویەك گرەو لەسەر شکاندنی ئیرادەی گەلی کوردستان دەکات، ئەوا لەبری ئەوەی ئیرادەی کوردستان بشکێنێت، ئەستۆی خۆی دەشکێت و لەبەردەم ئیرادەی گەلی کوردستاندا ورد دەبێت.

**ئێستا گەلی کوردستان لەبەردەم دووڕیانێکدایە، لەلایەک هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەر بۆ ئەوەی حکومەتەکەی عەبادی کە بە خۆی دەڵێت ( حکومەتی ئیتحادی) ڕێز لەناوەکەی خۆی بگرێت و وەک حکومەتێکی فیدرالی دەستوور جێ بەجێ بکات و ڕێزی خۆی بگرێت، لەلایەکی دیکەوە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی جیهان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی ، ئەگەر حکومەتی عێراق بەراستی حکومەتێکی فیدرالی بوایە و ڕێزی لە دەستوور بگرتایە لەوانەیە لە ئێستادا کوردستان پەنای بۆ ریفراندۆم نەبردایە**



د.جەعفەر ئیمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەڵبژاردنی پێشوەختە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی پشتیوانیی سیاسیی ناوخۆ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات

## پرۆژە چاکسازییەکەی حکومەت، پرۆژەی کۆی فراکسیۆنەکانە و مانگانە ٨٠-١٠٠ ملیار دینار دەگێڕێتەوە

## نەک هەر گروپی ١٦ی ئۆکتۆبەر خیانەتی نیشتمانیان ئەنجامداوە، بەڵکو رێککەوتنی حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ ئەو گروپە، پێشێلکردنی دەستوور و خیانەتی نیشتمانییە



لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە و بۆ تێپەڕاندنی ئو قۆناخە سەخت و قەیراناویەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە هاوکارو هەماهەنگن بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە تێپەڕێنن، پەرلەمانی کوردستان بۆ بەدواداچوونی ئەو کارەساتە و دەرهاویشتە خراپەکانی لە رێگەی لیژنەکانی پەرلەمانەوە بەدواداچوونی کردووە و لیژنەکان راپۆرتی خۆیان ئامادەکردووە و لەسەر کارەساتی دووزخورماتوو پەرلەمان کۆبوونەوەی تایبەتی گرێداوە، بەڵام بۆ لێپرسینەوە لەو تاقمەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریان ئەنجامداوە، پەرلەمان نەیتوانیوە کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر ئەو دۆسێیە گرێبدات و وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت، ئەم پرسە بە سیاسی کراوە و ئەو تاقمەی ئەم خیانەتەشیان کردووە هەتا ئێستا خۆیان وەك بێ منەت بەرامبەر بە یاسا پیشاندەدەن، هەروەها هەر لەم بارودۆخەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لەپەرلەمانی کوردستان کردووە زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات و لە هەمانکاتدا بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی زیاتر دیسان حکومەت پرۆژەیەکی داوەتە پەرلەمانی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەدوای ئەکتیڤکردنەوەی لە ١٥ی ئەیلولی ساڵی رابردوو و هەتا ئێستا، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەرێز د.جەعفەر ئیمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**لە دوای ئەکتیڤکردنەوەی پەرلەمان توانیومانە بڕیارێک بۆ پشتگیریی ریفراندۆمی کوردستان دەربکەین ، ئەم بڕیارە لەلایەک پەیامێکی بەهێز بوو بۆ پشتگیریی ریفراندۆم لە هەمانکاتیشدا ئاماژەیەک بوو بۆ یەکدەنگی و هاودەنگیی گەلی کوردستان کە دەتوانێت لە پرسە چارەنووسسازەکاندا ناکۆکییە لاوەکییەکان وەلابنێت و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات**

**پەرلەمان پێگەی جارانی نەماوە، ئەمەش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ کە سەرۆکی پەرلەمان تاکلایەنە رەفتاری کردو پەرلەمانی تووشی کێشەی سیاسی کرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی تەوافقی سیاسی تێکبچێت، لە شەوی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بە هەوڵی هەموولایەک جارێکی دیکە تەوافقی سیاسی درووستکرایەوە، بەڵام دیسان لە رۆژی ١٩ی ئاب ٢٠١٥ سەرۆکی پەرلەمان جارێکی دیکە بە گرێدانی دانیشتنی پەرلەمان و تەواونەبوونی نیسابی یاسایی، ئەو تەوافقەی لەباربرد**

*** لە ١٥ی ئەیلوولی پارساڵەوە پەرلەمانی کوردستان ئەکتیڤ کراوەتەوە و بە رێکوپێکی کۆبوونەوەکانی خۆی دەکات، ئایا لەو کاتەوەی پەرلەمان ئەکتیڤ کراوەتەوە چیتان کردووە؟**

- لە دوای ئەکتیڤکردنەوەی پەرلەمان توانیومانە بڕیارێك بۆ پشتگیریی ریفراندۆمی کوردستان دەربکەین ، ئەم بڕیارە لەلایەك پەیامێکی بەهێز بوو بۆ پشتگیریی ریفراندۆم لە هەمانکاتیشدا ئاماژەیەك بوو بۆ یەکدەنگی و هاودەنگیی گەلی کوردستان کە دەتوانێت لە پرسە چارەنووسسازەکاندا ناکۆکییە لاوەکییەکان وەلابنێت و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، لەدوای کارەساتی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش، پەرلەمان توانی بۆ دوو وەرز ماوەی خۆی درێژبکاتەوە بۆ ئەوەی بزانین لەو ماوەیەدا چۆن ئەم قۆناخە سەختە تێدەپەرێنین، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر بارودۆخەکە پێویستی بە درێژکردنەوەی زیاتر هەبوو یان ئەگەر بارودۆخەکە پێویستی کرد ئەم دوو وەرزە کورتبکرێتەوە بۆ یەك وەرز، ئەم بڕیارە جۆرێك مرونەتی تێدایە لەبەر ئەوەی بەهۆی ناچاری پەرلەمان بۆ دوو وەرز ماوەی خۆی درێژکردۆتەوە.

*** پەرلەمان بۆ پشتگیریی ریفراندۆم بڕیاری دەرکرد، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ، پەرلەمان چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم کارەساتە کردووە ؟**

- بێگومان پەرلەمان کە بڕیاری بۆ پشتگیریی ریفراندۆم دەرکردووە لەو روانگەیەوە بووە کە پرۆسەی ریفراندۆم پرۆسەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانەیە و لە دەستووری عێراقیشدا بە تایبەتی لە ماددەی ١٤٠ ئاماژە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم کراوە ، بۆیە ریفراندۆم مافێکی ئاسایی گەلی کوردستانە کە ئازادانە دەنگ لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، بۆیە لەم روانگەیەوە چاوەڕێی ئەوە بووین لایەنی پەیوەندار ( حکومەتی فیدراڵی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە نوێنەریان لە عێراقدا هەیە) بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکەن و تەنانەت ئەگەر پەسەندیشی نەکەن، دژایەتیشی نەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی رەتکردنەوەی پرۆسەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانەی وەك ریفراندۆم، دەمانگێڕێتەوە بۆ چوارگۆشەیەکی بێ ناونیشان، هەر بۆیە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر کەلێن و برینێکی گەورەی خستە ناو جەستەی خەڵك و هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی زۆر خراپ خیانەتی نیشتمانییان دژی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، ئەم خیانەتەش لەسەر دوو ئاست، ئاستی یەکەمیان ئەو تاقمەی کە لە ناوخۆی کوردستان بوونە هۆکاری کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، دووەمیان لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا ئەگەر حکومەتی فیدراڵی کێشەیەکی لە چوارچێوەی دەستووری عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، دەبوو حکومەتی فیدراڵی بە رێگەی دیالۆگ ئەو کێشەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، نەك حکومەتی فیدراڵی بچێت گروپی جیاواز یان فەرماندەی هێزێك لەناو هەرێمی کوردستان بکات و پاشان بە پیلان و خیانەت هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەمەشیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا ، حکومەتی فیدراڵی خیانەتی نیشتمانی دژی هەرێمی کوردستان کردووە ، ئەمەش متمانەی خەڵکی کوردستانی بە حکومەتی فیدراڵی گەیاندە سفر، سەبارەت بە رۆڵی پەرلەمانیش دوای ئەم کارەساتە، بێگومان پەرلەمان لیژنەکانی (پێشمەرگە و ئاسایش و ناوخۆ و مافی مرۆڤ و ماددەی ١٤٠ و داکۆکی کردنی لە مافی ژنان) ئاراستەکردووە بۆ ئەوەی بچن بەدوادا چوون بۆ ئەو کارەساتە بکەن، هەموو ئەم لیژنانە راپۆرتی خۆیان ئامادەکردووە و بەردەوامیشن، لەبەر ئەوەی دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو کارەسات وخیانەتە بەردەوامە.

*** ئەی سەبارەت بەو گروپ و تاقمەی کە بوونە هۆکاری کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئایا پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکی هەبووە؟**

- بەداخەوە ئەو تاقمەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریان ئەنجامداوە خۆیان ئازادانە دەسوورێنەوە و لەسەر شاشەی تیڤیەکانەوە قسەدەکەن و خۆیان وەك بێ منەت پیشاندەدەن، بێگومان هۆکاری ئەم بێ منەتییەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی بە پشتیوانی خۆیان دەزانن و لەناو هەرێمی کوردستان خەڵکانێك هەن بەرگرییان لێ دەکەن، بۆیە دەبێت ئەم پرسە بەرێگای داواکاری گشتی بدرێتە یاسا و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

*** ئایا لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە پەرلەمان کۆبوونەوەی تایبەتی لەسەر کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دەرهاویشتە خراپەکانی نەکردووە؟**

- لەسەر کارەساتی دووزخورماتوو و ئاوارەکانی ئەو ناوچەیە، پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەتی کردووە، بەڵام لەسەر ئەنجامدەرانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دانیشتنی تایبەت نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەم پرسە بە شێوەیەکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە باشترە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، زەمینەسازی بکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵدا بکرێت.

*** ئەی داواتان نەکردووە وەزیری پێشمەرگە بانگهێشتی پەرلەمان بکەن و پرسیاری ئەوەی لێ**

**بکەن هێزی پێشمەرگە چۆن پاشەکشەی پێکراوە؟**

- ئەو پرسە جۆرێك لە ناڕوونیی تێدایە، بەراستی تا ئێستا بەرچاوڕوونیی تەواو بۆ پەرلەمان و حکومەت بەو ئاستە نییە کە ئەو هێزانە چۆن پاشەکشەیان پێکراوە ، ئەمە پێویستی بەوەیە لەلایەن سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر بکرێت ، تا بتوانن هاوکاریی زیاتری پەرلەمانیش لەسەر ئەم پرسە بکەن.

*** لە ١ی ١١ی ٢٠١٧ سەرۆك بارزانی نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمان کرد و لەو نامەیەدا دەسەڵاتەکانی خۆی دابەشی هەر سێ سەرۆکایەتی ( پەرلەمان و حکومەت و دادوەری ) کرد، ئایا تا چەند پێدانی بەشێك لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان کاریگەریی لەسەر پەرلەمان هەبووە؟**

- ئەو بەشەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دراوە بە پەرلەمان زیاتر دەسەڵاتی تەشریفاتی و پرۆتۆکولین، دەسەڵاتە سەرەکییەکان دراونەتە سەرۆکی حکومەت و بەشێکی کەمیشی دراوەتە دەسەڵاتی دادوەری، بۆیە ئەو دەسەڵاتە پرۆتۆکۆلی و تەشریفاتییەی دراوەتە پەرلەمان کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر پەرلەمان نابێت.

*** ئایا کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر کاریگەریی لەسەر پەرلەمانی کوردستان هەبووە ، لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی لەو خیانەتە هەڵوەشانەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان بووە و پەرلەمانیش دایکی هەموو دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستانە؟**

- ئەگەر ڕاشکاوانە بدوێم، ئەوا دەتوانم بڵێم پەرلەمان پێگەی جارانی نەماوە، ئەمەش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ کە سەرۆکی پەرلەمان تاکلایەنە ڕەفتاری کردو پەرلەمانی تووشی کێشەی سیاسی کرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی تەوافقی سیاسی تێکبچێت، لە شەوی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بە هەوڵی هەموولایەك جارێکی دیکە تەوافقی سیاسی درووستکرایەوە، بەڵام دیسان لە ڕۆژی ١٩ی ئاب ٢٠١٥ سەرۆکی پەرلەمان جارێکی دیکە بە گرێدانی دانیشتنی پەرلەمان و تەواونەبوونی نیسابی یاسایی، ئەو تەوافقەی لەباربرد، ئیدی لەوە بەدوا پەرلەمان نەیتوانی هیچ کارێك بەڕێوەبەرێت، پاش ئەمەش پەنایان برد بۆ توندوتیژی و هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی و ئەم حاڵەتە تەشەنەی کرد و پەرلەمان ئیدی نەیتوانی کۆبوونەوەکانی خۆی بکات، لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش کە بارودۆخێکی سەخت و نائاسایی هاتۆتە ئاراوە، دەبینین دوو هێزی سیاسی ( گۆڕان و کۆمەڵ ) لە حکومەت کشاونەتەوە و سەرۆکی پەرلەمانیش دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بۆیە ئەم بارودۆخە کاریگەریی لەسەر هەموو دامەزراوەکان هەبووە بە پەرلەمان و حکومەتیشەوە.

*** ئایا دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان گەیشتۆتە پەرلەمان ، ئەگەر گەیشتووە، چۆن ئەو پۆستە پڕدەکەنەوە؟**

- دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان گەیشتۆتە پەرلەمان، بۆ پەسەندکردنیشی ، ئێستا هەندێك کار لەبەردەستی پەرلەمانە دوای ئەوە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە ، سەبارەت بە پڕکردنەوەی ئەو پۆستەش ، ئەمەیان پێویستیی بە تەوافقی سیاسی دەبێت ، بەتایبەتی لەنێوان پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو، ئەم سێ لایەنە لەمانگی ئەیلوولی ساڵی پارەوە سەرکەوتووبوون لە ئەکتیڤکردنەوەی پەرلەمان، هەروەها تا ئێستاش سەرکەوتووبوونە لەوەی پەرلەمان دانیشتنەکانی بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدات.

*** ئایا مەبەستت ئەوەیە پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەنێوان ئەو سێ لایەنە دابەش دەکرێت؟**

- دوای ئەوەی ئەم سێ لایەنە ڕێکدەکەون ئەوا هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت.

*** بەڕای تۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دەدرێتەوە بە یەکێتی نیشتمانی؟**

- من دەڵێم بەشێوازێکی ئاسایی و سرووشتی و یاسایی دەبوو هەر لەسەرەتاوە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن برادەرێکی یەکێتییەوە بەڕێوەببرایە. ئێستاش بۆچوونێکی واهەیە سەرۆکی پەرلەمان بدرێتەوە بە یەکێتیی نیشتمانی.

*** ئەی سەبارەت بە سکرتێری پەرلەمان؟**

- ئەمەیش دیسانە هەر بۆچوونە، بۆیە بۆچوونێکی واهەیە یەکگرتووی ئیسلامی وەریبگرێت.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە حکومەت داوای لە پەرلەمان کردووە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە هەرێمی کوردستان بکرێت، ئایا تاچەند زەمینە لەبارە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ئاستەنگەکانی بەردەمی چین؟**

- ڕاستە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کردووە ، بەڵام ئەم داواکارییە پێویستی بە زەمینەسازی بۆ کاری دیکە هەیە، یەکەمیان دەبێت سازانێکی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان دروست بکرێت بۆ ئەوەی یاسای درێژکردنەوەی وادەی پەرلەمان بۆ دوو وەرز هەموار بکرێتەوە و بکرێتە یەك وەرز، دووەمیان دەبێت لەنێوان حکومەت و پەرلەمان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کۆبوونەوەیەك بکرێت و ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن

**مەسەلەی پرسی خانەنشینە نایاساییەکان، پێشتر لیژنەکانی ناو پەرلەمان بەدواداچوونیان بۆ کردووە و بۆیان دەرکەوتووە کە ئەم پرسە حاڵەتێک یان چەند حاڵەتێک نییە، بەڵکو دیاردەیەکە بوونی هەیەو، خەڵکێکی زۆر بە ناشایستە خانەنشین کراون، بۆیە ئێستا کە دەمانەوێت مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە بکەین، ئەوا خۆ ناکرێت یەکسەر مووچەکەیان ببڕدرێت، بەڵکو دەبێت بەیاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

**ئەگەر تەواوی پرۆژە چاکسازییەکە جێبەجێ بکرێت ، نزیکەی ٨٠-١٠٠ ملیار دینار مانگانە بۆ داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەم داهاتەش بۆ ئێستای ئەم قەیرانەی هەرێمی کوردستان ، زۆر زۆرە و دەتوانرێت زۆر هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت بەتایبەتی بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران**

دیاری بکرێت، سەبارەت بە خاڵی دووەمیان ئەوە شتێکی رۆتینی و ئاساییە، بەڵام خاڵی یەکەمیان کە دروستکردنی سازانی سیاسییە ئەمەیان پێشوەختە کاری دەوێت و ناکرێت پرۆژەیەکی لەو جۆرە لە پەرلەمان باس بکرێت و پێشتر سازانی سیاسی لەسەر دروست نەبووبێت.

*** پێدەچێت ئەو سازانە ئاسان نەبێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان بەو جۆرە لێدوان دەدەن کە رەنگبێ نەتوانن لەو ماوەیە هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت؟**

- ئەم پرسیارە دووبەشە، سەبارەت بە دروستکردنی ئەو سازانە سیاسییە ، پێموایە ئەو سازانە دروست دەبێت، بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەمی، من دەڵێم هیچ لایەنێکی سیاسی نییە لەم هەڵبژاردنە نەترسێت یان دڵنیابێت لەوەی کورسییەکانی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە، هەر پسپۆرێکی جیهانیش بێنیت ناتوانێت لەم بارودۆخەدا خوێندنەوەیەکی درووست بۆ هیچ لایەك بکات، هەربۆیە رەنگە ئەوەی لە هەموو لایەك زۆرتر هەڵبژاردنی پێشوەختی پێ خۆش بێت ئەو قەوارە تازانە بن کە تازە دروستبوون.

*** ئەی کەواتە بۆچی حکومەت داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکات، ئایا پرسەکە لە ناچارییەوەیە؟**

- داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە لەبەر ئەوەیە بارودۆخەکە باش نییە، حکومەتی فیدراڵی یاری بە کات دەکات و خۆی لە دانووستاندن دەدزێتەوە، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانمان باش نین، پشتیوانیی سیاسیی ناوخۆ بۆ حکومەتی کوردستان وەك پێویست نییە، بۆیە راستە ئێمەش مەزندەی ئەوە دەکەین ژینگەی ململانێی لەم هەڵبژاردنە زۆر قورس دەبێت، بەڵام ئەو ململانێ قورسە لەم بارودۆخەی ئێستا باشترە، بۆیە دوای ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە دەتوانرێت حکومەتێك پێکبهێرێتەوە کە پشتیوانیی سیاسیی ناوخۆی زیاتر بێت، ئەم پشتیوانییە ناوخۆییە دەبێتە هۆکاری ئەوەی پشتیوانیی نێودەوڵەتیش بەهێز تر بێت و دەتوانین باشتر قەیرانەکان تێپەڕێنن.

*** تۆ هەر ئاماژەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرد، ئایا هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان ، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمیش بەڕێوە دەچێت؟**

- کە دەڵێین دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردن مەبەست لە هەرسێ هەڵبژاردنی (سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و پارێزگاکانە) ئەگەر بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە بدرێت، ئەوا ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەرسێکیان بێت یان یەکێکیان یان دوان، ئەوە بابەتێکی ترە و دەکەوێتە سەر ئەوەی دوای سازانی لایەنە سیاسییەکان، پەرلەمان و حکومەت بڕیاری لەسەر دەدەن.

*** بەڵام پێشتر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم کردەوە بەڵام هیچ لایەنێکی سیاسی کاندیدی نەبوو، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم ناکرێت؟**

- بەڵێ راستە ئەو کات هیچ لایەنێك بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە کاندیدی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبوو. ئێستا لێت ناشارمەوە رایەکی لەو جۆرە هەیە بەتایبەتی لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە کە سەرۆکایەتیی هەرێم هەر نەمێنێت.

*** لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەر باس لە دیالۆگی نێوان حکومەتی فیدراڵی وحکومەتی هەرێم دەکرێت، ئایا ئێوە وەك پەرلەمانی کوردستان هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ پەرلەمانی عێراق هەیە یان ئایا بە نیازن لەگەڵ پەرلەمانی عێراق کۆببنەوە؟**

- بەڵێ پەیوەندیمان هەیە و لەگەڵ سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پەیوەندیمان پێکەوە کردووە، چەند جاریش هاتۆتە کوردستان من بینیومە ، هەروەها لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەمان کردووە و داوامان لێکردوون کە یەك هەڵوێست بن سەبارەت بەهەر هەڵوێستێك بەرامبەر پەرلەمانی بەغدا، هەروەها بەنیازین لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی پەرلەمانی عێراق بکەین بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتنێك لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق دروست بێت و پەرلەمان رۆڵی هەبێت لەم قەیرانەدا و هەموو پرسەکان بۆ حکومەتی فیدراڵی بەجێ نەهێڵێت، هەروەها خۆتان دەزانن ئەو گەمارۆ و ئابڵوقانەی خراونەتە سەر هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقەوە بڕیاری لەسەر دراوە، دیارە ئەو گەمارۆ و ئابلوقانەش سزادانی بەکۆمەڵی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیە بەنیازین کاتێك سەردانی پەرلەمانی عێراق دەکەین لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو پەرلەمانی عێراق کۆببینەوە و پێیان بڵێین، ئەوەی کردووتانە کارێکی هەڵەتان کردووە، هیچ پەرلەمانێکی وڵاتێکی دیموکراتی بڕیاری لەو شێوەیە دژی بەشێك لە گەلەکەی خۆی دەرناکات.

*** تۆ ئاماژەت بەوە کرد کە لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوە و داواتان کردووە کە هەموویان یەك هەڵوێست بن، بەڵام بەم دواییە سێ لایەنی سیاسی ( کۆمەڵ و**

**حکومەتی فیدراڵی خیانەتی نیشتمانی دژی هەرێمی کوردستان کردووە ، ئەمەش متمانەی خەڵکی کوردستانی بە حکومەتی فیدراڵی گەیاندە سفر، سەبارەت بە رۆڵی پەرلەمانیش دوای ئەم کارەساتە، بێگومان پەرلەمان لیژنەکانی (پێشمەرگە و ئاسایش و ناوخۆ و مافی مرۆڤ و ماددەی ١٤٠ و داکۆکی کردنی لە مافی ژنان) ئاراستەکردووە بۆ ئەوەی بچن بەدوادا چوون بۆ ئەو کارەساتە بکەن، هەموو ئەم لیژنانە راپۆرتی خۆیان ئامادەکردووە و بەردەوامیش**

**گۆڕان و هاوپەیمانی) سەردانی بەغدایان کرد، ئایا وەك پەرلەمانی کوردستان پرسیان بەئێوە کردبوو؟**

- نەخێر ئەو سێ لایەنە پرسیان بە پەرلەمانی کوردستان نەکردووە و بە شێوازی حزبی سیاسی سەردانی بەغدایان کردووە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی فیدراڵی هەڵەیەکی دیکەشی کرد کە پێشوازی لەو شاندە حزبیە کردووە ، لەبەر ئەوەی دیالۆگی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ڕێوشوێنی خۆی هەیە و دەبێت حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێم دیالۆگ و دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بکات، بۆیە ئەوەی کردوویانە زیاتر لە هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەچێت و شتێکی دیکە نییە.

*** دوایین تەوەر کە لەم دیمانەیە دەمانەوێت لەگەڵ بەڕێزت باسی بکەین، پرۆژەی چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ڕەوانەی پەرلەمانی کردووە، پرسیار ئەوەیە گرنگیی ئەم پرۆژەیە چییە و بۆچی حکومەت ئەم پرۆژەی ڕەوانەی پەرلەمان کردووە؟**

- ئەو پرۆژە چاکسازییەی کە حکومەت ڕەوانەی پەرلەمانی کردووە، لە بنەڕەتدا پرۆژەی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانە و ئەوان ئامادەیان کردووە، هیچ فراکسیۆنێك نییە کە پرۆژەی چاکسازی ئامادە نەکردبێت، بەتایبەتی چاکسازی لە بوارەکانی ( گەندەڵی، کارگێڕی، خانە نشینەکان، نەوت و گاز)، بەڵام ئەوەی چەند ڕۆژێکە لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بڵاودەکرێتەوە بەوەی گوایە حکومەت دەیەوێت مارەکە بە پەرلەمان بگرێت، پرسەکە بەو شێوەیە نییە، بەڵکو ئەو پرۆژەیەی حکومەت کۆکراوە و چڕکراوەی تەواوی پرۆژە چاکسازییەکانی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانە.

*** ئەگەر لەسەر پرسی خانەنشینەکان زیاتر قسە بکەین ، ئایا ئەو پرسە چۆنە و تاچەند خانەنشینی نایاسایی لەم پرۆژەیەدا بوونیان هەیە؟**

- مەسەلەی پرسی خانەنشینە نایاساییەکان، پێشتر لیژنەکانی ناو پەرلەمان بەدواداچوونیان بۆ کردووە و بۆیان دەرکەوتووە کە ئەم پرسە حاڵەتێك یان چەند حاڵەتێك نییە، بەڵکو دیاردەیەکە بوونی هەیەو، خەڵکێکی زۆر بە ناشایستە خانەنشین کراون، بۆیە ئێستا کە دەمانەوێت مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە بکەین، ئەوا خۆ ناکرێت یەکسەر مووچەکەیان ببڕدرێت، بەڵکو دەبێت بەیاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم پرسە وادەی ٣ مانگی دەستنیشانکردووە، بۆ ئەوەی حاڵەتی خۆی لەگەڵ ئەو یاسایە بگونجێنێت، واتە ئایا ئەو کەسە شایستەیە بەو پلەیە خانەنشینە یان نە، ئەگەر کەسێك خۆی بڵێت من شایستەی ئەو پلەیە نیم و تا ئێستا بە ناشایستەیی ئەو بەو پلەیە خانەنشینم وەرگرتووە، ئەوا خانەنشینیەکەی دەبڕێت و کۆتایی دێت، بەڵام ئەوانی دیکە بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بێگومان کە دەشڵێین خانەنشینی ناشایستە ، شێوازی زۆرە، هەیە ساڵانێکی زۆر خزمەتی بۆ زیادکراوە بۆ ئەوەی بە پلەیەکی شایستە خانەشین بکرێت، هەیە ڕۆژێك وەزیر نەبووەو بە پلەی وەزیر خانەشین کراوە، یان بەڕێوەبەری گشتی نەبووە و بەو پلەیە خانەنشین کراوە، ئەوانە هەمووی دەبێت بە یاسا ڕاستبکرێنەوە.

*** ئایا پێتوایە ئەو یاسایە بۆ چاکسازی بەو ئاسانییە تێدەپەڕێت، مەبەستم ئەوەیە حزبەکان گوشار و ئاستەنگی بۆ دروست ناکەن؟**

- پرسەکە ئاسانی و قورسی نییە، کاتێك پرۆژەیەك لەلایەن حکومەتەوە دەهێنرێتە پەرلەمان، ئەوا دەبێت پەرلەمان بەهەند وەریبگرێت و کاری لەسەر بکات ، لەمەش زیاتر حزبەکان خۆیان داوای چاکسازی دەکەن ، بۆیە بڕواناکەم حزبەکان بتوانن بە ئاشکرا ئاستەنگ لەبەردەم دەرچوونی ئەم یاسایە دروست بکەن.

*** دیارە ژمارەی خانەنشینەکانی کوردستان لەسەرووی ٢٠٠ هەزار کەسەوەیە، ئایا لەم ژمارەیە چەندی بە ناشایستە خانەنشین کراوە؟**

- من نازانم چەندی بە نایاسایی خانەنشین کراون، بەڵام بەمەزندەی من لەوانە بەرێژەی هەتا ١٠٪ خانەنشینی ناشایستە بن.

*** ئایا ئەم خانەنشینە نایاساییانە هی هەموو حزبەکانن ، یان تەنیا خانەنشینی پارتی و یەکێتین؟**

- لە هەموو حزبەکان بە ( پارتی و یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو و حزبەکانی تریش) خانەنشینی ناشایستەیان هەیە و چاکسازییەکە هەموویان دەگرێتەوە.

*** ئایا ئەگەر کۆی پرۆژە چاکسازییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە یاسای بۆ دەربچێت و جێبەجێ بکرێت، چەند داهات بۆ حکومەت دەگێڕێتەوە؟**

ئەگەر تەواوی پرۆژە چاکسازییەکە جێبەجێ بکرێت ، نزیکەی ٨٠-١٠٠ ملیار دینار مانگانە بۆ داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەم داهاتەش بۆ ئێستای ئەم قەیرانەی هەرێمی کوردستان ، زۆر زۆرە و دەتوانرێت زۆر هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت بە تایبەتی بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کردووە ، بەڵام ئەم داواکارییە پێویستی بە زەمینەسازی بۆ کاری دیکە هەیە، یەکەمیان دەبێت سازانێکی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسیەکان دروست بکرێت بۆ ئەوەی یاسای درێژکردنەوەی وادەی پەرلەمان بۆ دوو وەرز هەموار بکرێتەوە و بکرێتە یەک وەرز، دووەمیان دەبێت لەنێوان حکومەت و پەرلەمان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کۆبوونەوەیەک بکرێت و ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاری بکرێت**



# هەڵبژاردنی پێشوەختە.. میکانیزمێکی گونجاو

## بۆ تێپەڕاندنی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستاندا



((داواکاری ئەمجارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەمان داواکاری بەرەی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ دەچێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیداری و سیاسییەی کە حکومەتی بەعس بەمەبەست لە کوردستان دروستی کردبوو، ئەوکات ئامانجی بەرەی کوردستانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بۆ ئەوە نەبوو کام لایەنی سیاسی دەنگی زیاتر دێنێت، بەڵکو لە ئامانجی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بۆ ئەوەبوو، کوردستان تواناو ئیرادەی خۆی پیشانی جیهان بدات بەوەی دەتوانێت دامەزراوە شەرعییەکانی خۆی (پەرلەمان و حکومەت) بە شێوازێکی دیموکراتییانە لە بنەڕەتەوە بونیاد بنێت و، پاشانیش ئەو دامەزراوە شەرعییانە (پەرلەمان و حکومەت) لەبری حزبە سیاسییەکان لەو ناوچەیەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش ناویان لێ نابوو (ناوچەی ئارام یان دژە فڕین) نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دەوروبەر بکات.

بۆ ئێستای پەرلەمان و حکومەتی کوردستانیش، بێگومان ئاشکرایە کە ئامانجی سەرەکی پەنابردنی حکومەتی حەیدەر عەبادییە بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی بەشێکی زۆری کوردستان بەزەبری هێز و حەشدی شەعبی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو، دووبارە هەمان ئامانج و مەبەستی حکومەتی بەعس و سەدامی هەبوو بۆ ئەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعیەکانی لەبەریەك هەڵبوەشێنێت.

حکومەتی بەعس و سەدام، دوای ئەوەی لەشەڕی دەربەندی کۆڕێ تیکشکان و چەند دەبابەیەکی T٦٢ی بە تێکشاوی بەجێهێشت و، پاشتریش کە دانوستاندنەکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەعس شکستیان هێنا، راستەوخۆ دامەزراوەکانی لە کوردستان پاشەکشە پێکرد، ئەمەش بەو هیوایەی کوردستان نەتوانێت رێگە چارەیەك بدۆزێتەوە و خۆی خۆی بەڕێوە بەرێت، بەڵام حکومەتەکەی عەبادی پەندی لە رژێمی بەعس و سەدام وەرنەگرت و، دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق و حەشدی لە هەردوو بەرەی شەڕی پردێ و سحێلا لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکان و چەندین دەبابەی ئابرامز (Abrams Tank) و هامەر و هامفیان بە تێکشکاوی بەجێهێشت و، دوای ئەوەیش ئامادەنەبوون کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەدیالۆگ و دانوستاندن لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا چارەسەربکەن، هەوڵێکی دیکەیان خستە گەڕ بۆ سڕینەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئەویش بەکار هێنانی هەندێك لایەنی سیاسی ناوخۆی کوردستان بوو بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ (حکومەتی کاتی یان حکومەتی رزگاریی نیشتمانی بکەن)، پاش ئەوەی ئەم هەوڵەشیان شکستی هێنا، بە هەماهەنگی و رێککەوتن لەگەڵ عەبادیدا هەردوو حزبی (گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) وەزیرەکانیان لەحکومەت دەستیان لەکار کێشایەوە و، وەك پاداشتێکیش بۆ ئەم کارەیان لە چەند رۆژی رابردوو بە شاندێکی حزبی سەردانی بەغدایان کردو لەلایەن حەیدەر عەبادیشەوە پێشوازیان لێکرا.

بەڵام لەمەشیاندا، چۆن پیلانە سەربازییەکەی عەبادی بۆ رووخاندنی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان لەسەردەستی پێشمەرگە لە پردێ و سحێلا تیکشکێنرا، بە هەمان شێوە پیلانە سیاسییەکەشی کە بەوەکالەت (گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) بەنیازن بۆی جێبەجێ بکەن، ئەمەشیان بە داواکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دیسان شکستی هێناو، لەمەش زیاتر پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندایە و پشتگیریی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە داوای کردووە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە کوردستان ئەنجامبدرێت.

لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا کە بارووددۆخێکی سەخت وئاڵۆز و قەیراناوی سیاسی و ئابوورییە، خەریکە رۆژ لەدوای رۆژ بەشێوەیەکی خۆرسکانە، جەمسەری نیشتمانی بۆ پشتگیری لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان روو لەزیادبوونێکی بەرچاو دەکات و، لەبەرامبەردا جەمسەری دژ بە کیانی سیاسیی کوردستان و هاوپەیمان لەگەڵ حکومەتی

**حکومەتەکەی عەبادی پەندی لە رژێمی بەعس و سەدام وەرنەگرت و ، دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق و حەشدی لە هەردوو بەرەی شەڕی پردێ و سحێلا لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکان و چەندین دەبابەی ئابرامز (Abrams Tank) و هامەر و هامفیان بە تێکشکاوی بەجێهێشت و، دوای ئەوەیش ئامادەنەبوون کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەدیالۆگ و دانوستاندن لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا چارەسەربکەن، هەوڵێکی دیکەیان خستە گەڕ بۆ سڕینەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئەویش بەکار هێنانی هەندێک لایەنی سیاسی ناوخۆی کوردستان بوو بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ (حکومەتی کاتی یان حکومەتی رزگاریی نیشتمانی بکەن)**

عەبادی، زیاتر بەرەو گۆشەگیری دەچن و خەڵكی كوردستان وەك پێشان بە قسە باق و بریقەكانیان فریو ناخۆن، لەمەش زیاتر لەناو پرۆسەی سیاسی كوردستانیشدا، بەتایبەتی لە ناو پەرلەمانی كوردستاندا، ئەو ژینگە لەبارەی ئاژاوە و تێكدانی كۆبوونەوەكان بەرەو كۆتایی دەچێت و فراكسیۆنەكان رێگە نادەن چەند پەرلەمانتارێكی هەرزەكار لەم بارودۆخە قورسەدا یاری بە چارەنووسی گەلی كوردستان بكەن، هەروەها خەریكە بە تەواوەتی هەڵوێستی جەمسەری نیشمانی بۆ خەڵكی كوردستان روون دەبێتەوە و لەوە تێدەگەن كە داواكاریی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ هەڵبژاردنەوەی پێشوەختە، بۆ گێرانەوەی دەسەڵاتە بۆ گەلی كوردستان، نەك وەك جەمسەری نانیشتمانی دەیانەوێت لەمیانەی چەند سەفقەیەكەوە ئیرادەی گەلی كوردستان تەسلیمی بەغدا و حكومەتی عەبادی بكەنەوە.

لە ئێستاوە ئاراستەی رووداوەكان بەرەو ئەوە دەچن، ئەوانەشی كە خۆیان بەشێك بوون لە خیانەتی كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەرو، لەسەرەتاوە بە شان و باڵی حەشدی شەعبیاندا هەڵدەگوت و، خەڵكیان فریودەدا بەوەی كەركوك و ناوچە دابڕاوەكانی دیكەی كوردستان ئارامەو بگەڕێنەوە، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی كە حكومەتی عەبادی هیچ حسابێكیان بۆ ناكات و، لەسەر ئاستی ناوخۆی كوردستانیش بەرەو ریسوابوونی تەواو دەچن، بۆیە قسەكانیان ١٨٠ پلە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە و، بەشێكیان هەڕەشە لە حكومەتی عەبادی دەكەن بەوەی گوایە دەتوانن كەركوك بەزەبری هێز ئازاد بكەنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی حكومەتی عەبادی دەزانێت، خەڵكانێك خۆیان بفرۆشن بۆ ئەوەی كەركوكێكی ئازاد كراو دووبارە داگیربكرێتەوە، ئەوا ئەو جوامێرە نابن بتوانن جارێكی دیكە رووبەرووی ئەو میلیشیایانەی حەشدی شیعە ببنەوە كە خۆیان چاوساغی و پێش لەشكرییان بۆ كردوون، هەروەها بەشێكی دیكەیان كە رۆژانە دەیانگوت : (كەركوك ئارامە و هیچ پێشێلكارییەك نییە)، ئەوا ئەم بەشەشیان جارێكی دیكە هەر خۆیان بانگێشە بۆ ئەوە دەكەن كە حكومەتی عەبادی دووبارە دەستی كردۆتەوە بە تەعریبكردنی كەركوك و داوا دەكەن خەڵكی كەركوك خۆپیشاندان بكەن، بەڵام ئەوان خۆشیان باش دەزانن كە خەڵكی كەركوك نەك هەر وەڵامی ئەو خۆفرۆشانە ناداتەوە بەڵكو ئەوانە لە دیدی كەركوكیاندا هیچ جیاوازییەكیان لەگەڵ ئەو چەكدارانەی حەشدی شەعبی نییە كە رۆژانە كەرامەتی خەڵكی كەركوك دەشكێنن و بریندراری دەكەن. بۆیە كەوتوونە ئەوەی جارێكی دیكە حزبە سیاسییەكانی كوردستان وەڵامیان بدەنەوە، بەڵام وەك بەڕێزان مسرور بارزانی راوێژكاری ئاسایشی هەرێمی كوردستان و د.نەجمەدین كەریم پارێزگاری هەڵبژێردراو و دوورخراوەی كەركوك، لە دوو دیمانەی تەلەفزیۆنی جیاوازدا جەختیان لەسەر كردەوە، كەركوك بە شارێكی داگیركراو دەزانن و ئەمری واقیعی سەپاندنی هێزی سەربازی رەتدەكەنەوە و ئەوانەشی كە بوونە هۆكاری كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەر و خیانەتی نیشتمانیان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی كەركوك و تەواوی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان ئەو بارووداۆخەی بەسەردا بێت، دەبێت لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە دادگایی بكرێن و ئەو خیانەتە پەردەپۆش نەكرێت.

لەم واقیعە سیاسیەی ئێستای كوردستاندا، راستە بارودۆخەكە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری لە قەیرانێكی گەورەدایە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت، كە نەتەوە ئازادەكان لەناو شەوەزەنگی قەیران و نائومێدیدا، پەنجەرەی ئومێد دەكەنەوە و ئیرادەی خێر دژی ئیرادەی شەڕ بەرهەم دەهێنێت، مێژووی كارەسات و ئەو قەیرانانەی بە درێژای سەد ساڵی رابردوو بەسەر گەلی كوردستان هاتوون، بەردەوام لەناو قۆناخە سەخت و قەیراناوییەكاندا توانای ئەوەی هەبووە، پەنجەرەی ئومێد بەڕووی نەتەوەكەیدا بكاتەوە، ئێستاش كە حكومەتی هەرێمی كوردستان داوای لە پەرلەمانی كوردستان كردووە، رۆژی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بكات، ئامانج لێی ئەوەیە كە پەنجەرەیەكی ئومێد بەڕووی كوردستاندا بكرێتەوە و جارێكی دیكە سەرلەنوێ دامەزراوە شەرعییەكانی كوردستان لە چوارچێوەی سیاسەت و ستراتیژیەتێكی نیشتمانی خۆی پێناسە بكاتەوە

لەساڵی ١٩٩١ دوای ئەوەی بەرەی كوردستانی بڕیاریدا لە ١٩ای ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردن لە كوردستان ئەنجامبدرێت، بەڕێز مسعود بارزانی كە ئەوكات سەرۆكی بەرەی كوردستانی بوو، رایگەیاند: ( ئەمڕۆ خۆشترین رۆژە لە ژیانی من، لەبەر ئەوەی خەڵكی كوردستان خۆیان بڕیار دەدەن چ جۆرە حوكمڕانییەكیان دەوێت) ، لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنیش كە بەڕێزیان هەم سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو، لە هەمانكاتیشدا كاندید بوو بۆ ( رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان) ، ئەو نە بانگێشەی بۆ پارتی دەكرد كە بیباتەوە، نە بانگێشەشی بۆ خۆی دەكرد بۆ ئەوەی وەك كاندیدی رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان لەو هەڵبژاردنە بباتەوە

**لەساڵی ١٩٩٢ ، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژەی ٥٠+١٪ دەنگی خەڵکی بەدەست هێنا، هەروەها سەرۆک مسعود بارزانی دەنگی یەکەمی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بەدەست هێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجەکە ئەوەبوو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو بێت و کوردستان بتوانێت دامەزراوە شەرعییەکانی خۆی دابمەزرێنێت، پارتی بە سیستمی ( پەنجا بە پەنجا) ڕازی بوو، هیچ پێداگیری لە ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی نەکرد**

**لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا کە بارودۆخێکی سەخت وئاڵۆز و قەیراناوی سیاسی و ئابورییە، خەریکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەشێوەیەکی خۆرسکانە، جەمسەری نیشتمانی بۆ پشتگیری لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان روو لەزیادبوونێکی بەرچاو دەکات و، لەبەرامبەردا جەمسەری دژ بە کیانی سیاسیی کوردستان و هاوپەیمان لەگەڵ حکومەتی عەبادی ، زیاتر بەرەو گۆشەگیری دەچن و خەڵکی کوردستان وەک پێشان بە قسە باق و بریقەکانیان فریو ناخۆن**

و بە پشتیوانییەکی بەهێزی ناوخۆییەوە، نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان بکات و، بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنتەوە کە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بە حکومەتەکانی عێراق(ئەوجا ئەو حکومەتە حکومەتی بەعس سەدام بێت یان شیعەی عەبادی ) تێکناشکێنرێت و ئەوانەشی خۆیان کردۆتە پاشکۆی عەبادی، چارەنووسیان لە پاشکۆکانی سەدام و بەعس باشتر نابێت.

## ● هەڵبژاردنێك بۆ ئەوەی گەلی کوردستان تێیدا براوە بێت نەك لایەنێك یان دوو لایەنی سیاسیی

لەساڵی ١٩٩١ دوای ئەوەی بەرەی کوردستانی بڕیاریدا لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجامبدرێت، بەڕێز مسعود بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، ڕایگەیاند: (ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی من، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان خۆیان بڕیار دەدەن چ جۆرە حوکمرانییەکیان دەوێت)، لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش کە دیسان بەڕێز مسعود بارزانی هەم سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە هەمانکاتیشدا کاندید بوو بۆ (ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان)، ئەو نە بانگێشەی بۆ پارتی دەکرد کە هەڵبژاردنەکان بباتەوە، هەروەها نە بانگێشەشی بۆ خۆی دەکرد بۆ ئەوەی وەك کاندیدی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەو هەڵبژاردنە بباتەوە، بەڵکو بەدرێژایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، جەختی لەسەر یەك پرەنسیپ دەکردەوە: (گرنگ ئەوەیە هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو بێت، ئەگەر هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو بوو، ئەوا هەموو گەلی کوردستان براوەیە، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا گەلی کوردستان دۆڕاو دەبێت)، ئەم لۆژیکەی بارزانی بۆ تێگەیشتن لە چەمکی هەڵبژاردن و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە بڕیاردان بۆ چارەنووسی خۆی و شێوازی ئەو حوکمرانییەی پەسەند دەکات، بۆ ئێستای واقیعی کوردستان، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ واقیعی ساڵی ١٩٩١ کوردستان نییە، لەبەر ئەوەی ئەوکات ئێمە لە دووڕیانێکی سەختدا بووین چۆن خۆمان خۆمان بەڕێوە بەرین، ئێستاش لە هەمان دووڕیاندایین چۆن خۆمان بەدەستی خۆمان ئەو پیلانەی بۆ هەڵوەشانەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان چێنراوە،هەڵیدەوەشێنینەوەو پوچەڵی دەکەینەوە.

ئەو حزبە سیاسیانەی وەك (بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ) شکستیان هێنا لەوەی بە بیانووی هەڵوەشانەوەی حکوومەت و دامەزراندنەوەی حکومەتی کاتی یان ڕزگاریی نیشتمانی، بەشی دووەمی پیلانەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەن، ئێستا دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لەپەرلەمان کردووە کە ڕۆژێك بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بکات، کەوتوونەتە دۆزینەوەی چەندین بڕو بیانوو و پروپاگەندە بۆ درووستکردنی ئاستەنگ لەبەردەمی ئەم هەڵبژاردنە و، باس لەوە دەکەن لیستی تۆماری دەنگدەران خاوێن نییە و ئەوانەی مردوون ناویان ڕەش نەکراوەتەوە، بۆیە دەبێت ئەم هەڵبژاردنە دوا بخرێت، ئەوان دەیانەوێت بەو جۆرە خۆڵ بکەنە چاوی خەڵك، بەوەی گوایە ئەم هەڵبژاردنە ئامانجی پارتی دیموکراتی کوردستانە و پارتی دەیەوێت بە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنە دەسەڵات لە کوردستاندا قۆرخ بکات، بەڵام خۆشبەختانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم درۆ و پروپاگەندانە بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەبن کە ئامانج لە هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ ئەوە نییە لایەنێکی سیاسی دەنگ زیاتر یان کەمتر بهێنێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە پرۆسەی سیاسی کوردستان، لەم ئاژاوەو ناسەقامگیرییە دەربازی بێت و چیدیکە حزبی پۆپۆلیستی لە ژینگەی ئاڵۆزی سیاسیدا خەڵکی کوردستان چەواشە نەکات، ئەم قەناعەتەش خۆشبەختانە لە ئێستادا تەنها داواکاری پارتی دیموکراتی کوردستان نیە بەڵکو هەموو ئەو هێز و لایەنە سیاسیە نیشتمانیانەی دەیانەوێت کوردستان ئەم قۆناخە سەختە تێپەڕێنێت، هەموویان هەڵبژاردن و گێرانەوەی دەسەڵات بۆ گەلی کوردستان بە باشترین میکانیزم و دەروازە دەزانن.

لێرەدا گرنگە، چاوێك بە مێژووی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و ئاکامەکانی هەڵبژاردن و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر تێکرای هەڵبژاردنەکانی کوردستان بخشێنێتەوە، ئەو پرسیارە لە مێژووی



٢٥ ساڵی رابردووی ئەزموونی هەڵبژاردنەکان بکەین بەوەی ئایا لە چ پرۆسەیەکی هەڵبژارندا، پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەموو جارێك دەنگی یەکەمی هێناوە، لەسەر ئیستحقاقی هەڵبژاردن پێداگیری کردووە یان مەبەستی ئەوە بووە کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا قۆرخ بکات؟ یان ئامانجی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە، هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کە لە کوردستان ئەنجامدەدرێت، ببێتە وێستگەیەکی دیکە بۆ وەرچەرخانی کوردستان بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتووتر، لێرەدا بەچەند خاڵێك زیاتر هەڵوەستە لەسەر ئەم لایەنە دەکەین:

١. لەساڵی ١٩٩٢، پارتی دیموکراتی کوردستان رێژەی ٥٠+١٪ دەنگی خەڵکی بەدەست هێنا، هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی دەنگی یەکەمی رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی بەدەست هێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجەکە ئەوەبوو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو بێت و کوردستان بتوانێت دامەزراوە شەرعییەکانی خۆی دابمەزرێنێت، پارتی بە سیستمی (پەنجا بە پەنجا) رازی بوو، هیچ پێداگیری لە ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی نەکرد. بەڵام بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان دوای دامەزراندنی دامەزراوە شەرعییەکانی فێری پرۆسەی دەستاو دەست کردنی دەسەڵات بێت، پارتی جەختی لەوە کردەوە دوای ماوەیەك، دەبێت هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەبری هەڵبژاردنێکی ئاشتیانە، شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە، هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ئەوە شەڕی هەڵبژاردن و شەڕی دەسەڵاتە.

٢. دوای تەواو بوونی شەڕی ناوخۆ و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شەڕی دەسەڵات روونەداتەوە و کوردستان بەرەو ئەزموونێکی دیموکراتی و چەسپاندنی کەلتوری دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرێت، پارتی و یەکێتی رێککەوتن کە بە یەك لیستی هاوبەش دابەزن و پێکەوە حکومەت و پەرلەمان پێکبهێنن، بۆ ئەمەش لە ساڵی ٢٠٠٥ پارتی و یەکێتی بە یەك لیست بەشداریان کرد، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە

**ئەو حزبە سیاسیانەی وەک (بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) شکستیان هێنا لەوەی بە بیانووی هەڵوەشانەوەی حکوومەت و دامەزراندنەوەی حکومەتی کاتی یان رزگاریی نیشتمانی ، بەشی دووەمی پیلانەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەن، ئێستا دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە پەرلەمان کردووە کە رۆژێک بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بکات، کەوتوونەتە دۆزینەوەی چەندین بڕو بیانوو و پروپاگەندە بۆ درووستکردنی ئاستەنگ لەبەردەمی ئەم هەڵبژاردنە**

ئەو کاتیش لەگەڵ ئەوەی کێشەی ململانێی پارتی و یەکێتی بەدابەزینی یەك لیست چارەسەرکرابوو، بەڵام خەڵکانێك کە فرچکیان بە ئاژاوە نانەوە گرتبوو، بانگێشەیان بۆ ئەوە دەکرد، لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا یەکێتی زۆرینەی دەنگەکانی هێناوە، ئەمەش بەو مانایەی یەکێتی هەڵبژاردنەکانی بردۆتەوە، بەڵام کاتێك کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق روونکردنەوەی خۆیدا، دەرکەوت پارتی دەنگی زیاتری بەدەست هێناوە، ئەمەش دەریخست کە ئامانجی پارتی لە هەڵبژاردنەکان، پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردستانە نەك بردنەوەی پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا.

٣. هەر ئەو خەڵکانەی کە چاویان بە سەقامگیری و دەستکەوتەکانی کوردستان هەڵنەدەهات، بۆ هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ٢٠٠٩، لە یەکێتی جیابوونەوەو یەکێتیان کەرت کرد، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بە هیچ جۆرێك حسابی ئەوەی نەکرد کە یەکێتی دەنگی کەمتر دەهێنێت، لەمەش زیاتر سەرۆکی لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی کە بەناوی (هاوپەیمانی کوردستانی) بوو، سەرۆکەکەی درایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەوکات د.بەرهەم ساڵح بوو، دوای هەڵبژاردنەکانیش هەر د.بەرهەم راسپێرا بۆ ئەوەی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنێت، ئەمە لە کاتێکدا بوو هەموو کەسێك دەیزانی، ئەو ٥٩ کورسیەی لیستی (هاوپەیمانی کوردستانی) بەدەستی هێناوە، بەشی هەرە زۆری دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

٤. لە ساڵی ٢٠١٣ و دوای نەخۆشکەوتنی خوالێخۆشبوو مام جەلال، یەکێتیی نیشتمانی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو ئیرهابە فیکرییەی لە سلێمانی دژ بە سەقامگیری کوردستان دارێژرابوو، بۆیە لەگەڵ ئەوەی پارتی پێداگیری دەکرد، کە دیسان پارتی و یەکێتی بە یەك لیست دابەزن، بەڵام یەکێتی پێداگیری کرد کە خۆی بە لیستی جیاواز دادەبەزێت، ئەم هەنگاوەی یەکێتی خۆی لە خۆیدا دژی رێککەوتنی ستراتیژیی پارتی و یەکێتی بوو، بەڵام دوای هەڵبژاردن لەگەڵ ئەوەی یەکێتی ١٨ کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنابوو، پارتی دیموکراتی کوردستان ٣٨ کورسی، بەڵام پارتی لەگەڵ هەر سێ حزبەکەی دیکە (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو) لەسەر بنەمای ئیستحقاقی هەڵبژاردن حکومەتی پێکهێنا و لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی لەسەر بنەمای ریککەوتنی ستراتیژی واتە پۆستەکانی پارتی و یەکێتی بەقەدەر یەك بن، تائێستاش هەر بەو جۆرەیە.

ئاماژەکردن بۆ ئەم باکگراوەندەی مێژووی ئەزموونەکانی هەڵبژاردن لە کوردستان، بۆ ئەوە نییە فەزڵی پارتی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا پیشانبدەین، هەروەها ناشمانەوێت لایەنە سیاسییەکانی دیکەش ئەم باکگراوندە بەو مانایە تێبگەن، بەڵکو مەبەست لەم باکگراوندە ئەوەیە، کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە سیاسەت و ستراتیژیەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بریتی نییە لەوەی کە ستراتیژیەت و سیاسەتی پارتی تەنیا چاوی لەسەر سندوقەکانی دەنگدانە بۆ ئەوەی هەر خۆی حزبی فەرمانڕەوا بێت لە کوردستاندا، بەڵکو تێڕوانینی ستراتیژی و سیاسەتی پارتی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا ئەوەیە، چۆن خەڵکی کوردستان دەتوانی ئیرادەی خۆی بۆ خۆبەڕێوەبردنێکی دیموکراتییانە پیشانی هەموو جیهان و دەوروبەری خۆی دەدات، چۆن ئەو ئیرادەیە دەیسەلمێنێت، گەلی کوردستان گەلێکی ئاشتیخوازە و ئامانجی ئەوەیە وڵاتەکەی خۆی و وڵاتانی دەوروبەری و هەموو جیهان لە ئاشتیدا بژی و بە شێوازی سەردەم و ئاشتیخوازانە کێشەکانی لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دەوروبەری چارەسەر دەکات.

لەم بازنەیەدا، زۆربەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت ئامانجی هەموو لایەکیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەمان تێڕوانینی ستراتیژیی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت و، ئامانج لە هەڵبژاردن ئەوە بێت سیاسەتێکی نیشتمانی بۆ حوکمڕانیی کوردستان دابڕێژرێت و هەموو پێکەوە شان بدەنە بەر ئەم بەر پرسیاریەتییە و ئەو قۆناخە سەختە تێپەڕێنن.

ئەم تێڕوانین و تێگەیشتنە کە لای خەڵکی کوردستان پەسندە و پێشوازی لێدەکرێت، رۆژ لەدوای رۆژ پشتیوانیی زیاتری لێدەکرێت و

**حکومەت پرۆژەیەکی چاکسازی پێشکەشی پەرلەمان کردووە بۆ ئەوەی یاسای پێویست بۆ چاکسازی لە بوارەکانی کارگێری ، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، چاکسازی لە لیستی خانەنشینانی ناشایستە و بواری داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئەمانە هەموویان ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگانە لەنێوان حکومەت و پەرلەمان لابران کە پێشتر نەدەتوانرا حکومەت و پەرلەمان بەو شێوەیە هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری بکەن**

ئەوانەشی کە هەر سوورن لەسەر ئەوەی بە پشتیوانیی حکومەتی عەبادی و دەوروبەر، ژینگەی سیاسیی کوردستان ئاڵۆز بکەن و ئاژاوە دروست بکەن، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، گەلی کوردستان بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات کە شایستەی سیاسەت و رەفتارەکانی ئێستایان بێت.

- **پەرلەمانی کوردستان لەبەردەم قۆناخێکی هەستیار و بڕیارێکی مێژوویی یەکلایکەرەوەدا**

دەست لەکارکێشانەوەی یوسف محەمەدی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئەو راستییەی لێدەخوێنرێتەوە کە چیدیکە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ئەو ژینگە ئاڵۆز و پڕ رق و کینەیە دروست نابێتەوە کە پێشتر بە پشتیوانیی هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵ، تەپڵی شەڕ و ئاژاوەیان لەناو تەلاری پەرلەمانی کوردستاندا دەکوتی. ئەم قەناعەتە لەدوای ١ی نۆڤمبەری ٢٠١٧ لای یوسف محەمەد دروست بوو، کاتێك رابوون مەعروفی پەرلەمانتاری گۆڕان هەوڵیدا بەبێ هۆ ئاژاوەیەك لەناو پەرلەمان دروست بکات و جارێکی دیکە پەرلەمان بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرۆکایەتی یوسف محەمەد، بەڵام ئەمجارەیان نەك هەر لەناو پەرلەماندا لێی قبوڵ نەکرا و بەرپەرچدرایەوە، لەهەمانکاتدا خەڵکی کوردستان لێی راپەرین و شاربەدەریان کرد، بۆیە ئەمە ئاماژەیەکی گرنگ بوو بۆ یوسف محەمەدیش، بەوەی ئەگەر بەنیازە بەهەمان شێوازی ئاژاوەگێڕیی پێشوو بیەوێت سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکاتەوە، ئەوا خەڵکی کوردستان لێی قبوڵ ناکات و شاربەدەری دەکەنەوە.

پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی خۆی چەندین کێشەی هەیە، بەڵام لەدوای ئەکتیڤکردنەوەی لە ١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ەوە، توانیویەتی کۆمەڵێك بڕیار و یاسای گرنگ دەربکات، کە یەکەمیان بڕیاری پشتگیرکردن بوو لە پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستاندا، ئەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیشەوە کە پشتگیریی ریفراندۆمی کوردستان بکەن، لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە، لەگەڵ کێشمە کێش و تێڕوانینی جیاواز لەناو پەرلەماندا هەیە، بەڵام دیسان توانی بە یاسایەك بۆ ماوەی دوو وەرز تەمەنی پەرلەمان درێژبکاتەوە و ئەم یاسایەش بەپێی بارودۆخی کوردستان بواری ئەوەی هەیە چاوی پێدابخشێنرێتەوە، ئەوجا ئەو چاو پێداخشاندنەوەیە بۆ ئەوە بێت ئەو ماوەیە کورتبکرێتەوە بۆ یەك وەرز، یان خوانەخواستە بارودۆخی کوردستان لە ئێستا ئاڵۆزتر بێت و ناچار بێت جارێکی دیکە دوای ئەو دوو وەرزە تەمەنی پەرلەمان درێژ بکاتەوە.

لایەنێکی دیکە، هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی نێوان پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانە، وەك ئێستا دەبینین هاوکاری و هەماهەنگییەکی گەورە لەنێوان هەردوولا هەیە، هەم سەرۆکایەتیی حکومەت چەند جارێك سەردانی پەرلەمانی کردووە هەمیش سەرۆکایەتیی پەرلەمان سەردانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانیان کردووە و پێکەوە دیالۆگیان کردووە بۆ پرسەکانی چاکسازی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، هەروەها حکومەت پرۆژەیەکی چاکسازی پێشکەشی پەرلەمان کردووە بۆ ئەوەی یاسای پێویست بۆ چاکسازی لە بوارەکانی کارگێڕی، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، چاکسازی لە لیستی خانەنشینانی ناشایستە و بواری داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئەمانە هەموویان ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگانە لەنێوان حکومەت و پەرلەمان لابران کە پێشتر نەدەتوانرا حکومەت و پەرلەمان بەو شێوەیە هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری بکەن.

لەئێستادا و دوای دەست لەکارکێشانەوەی یوسف محەمەدی سەرۆکی پەرلەمان، ئەرکی گرنگ و سەرەکی پەرلەمان ئەوەیە کە جارێکی دیکە و سەرلەنوێ، دەستەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێرێتەوە، ئەم کارەش لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە سازانی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەگشتی

**هیچ گومانێک هەڵناگرێت کە درووستبوونی سازانی سیاسی لەناو پەرلەماندا لەسەر پرسێکی لەو جۆرە کە ئامانج لێی ئەنجامدانی پێشوەختە، کارێکی ئاسان نابێت و ، لەوانەیە زۆر لایەنی سیاسی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە بەرژەوەندیی حزبەکەی نەزانێت، بەڵام بەشێک لە پسپۆران و چاودێرانی بارودۆخی سیاسی کوردستان لەگەڵ ئەوەدان، بارودۆخەکە چەند قورس بێت، بەڵام دیسان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە تێپەڕێنن لە بارودۆخی ئێستای کوردستان باشترە**



و هەر سێ لایەنی (پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی) هەیە، بەڵام پێدەچێت، ئەم سێ لایەنە وەك سێ لایەنی سەرەکی، هاوهەڵوێست بن لەسەر پاراستنی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان و لەوە تیگەیشتوون وێرای هەموو ئەو کەموکوڕییانەی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بەڵام پرسەکە هاتە سەر ئەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا دەبێت بەهەر نرخێك بێت ئەو کیانە سیاسیە بپارێزرێت، بۆیە لە تێڕوانینەوە، لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە لە تێروانینی (پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی) دا، جیاوازیەکی زۆریش هەبێت، بەڵام دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، پێدەچێت سازانی سیاسی لەنێوان ئەم سێ لایەنە زۆر قورس نەبێت و لەسەر میکانیزمێکی تازە رێکبکەون .

سەرۆکایەتیی تازەی پەرلەمان، دەکەوێتە بەردەم قۆناخێکی هەستیار، یەکەمیان ئەوەیە کە یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە چاکسازیەی حکومەت دەربکات کە بۆ پەرلەمانی ناردووە، سەبارەت بە دەرکردنی ئەو یاسا پێویستانە، پێدەچێت پەرلەمان ئاستەنگی ئەوتۆی نەیەتە پێش، لەبەر ئەوەی پرۆژە چاکسازییەکەی حکومەت، کورتکراوە و چڕکراوەی سەرجەم پرۆژە چاکسازییەکانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، بۆیە مەزندە دەکرێت یاسا پێویستەکان بە ئاسانی تێپەڕببن، بەڵام ئەرکێکی دیکەی پەرلەمان کە ئەمیشیان دیسان وەڵامدانەوەی داوایەکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە داوای کردووە پەرلەمان بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە بدات، ئەمەیان وەك د.جەعفەر ئیمنێکی لە دیمانەیەکدا پێی راگەیاندین، لەوانەیە کارێکی قورستر بێت، لەبەر ئەوەی بڕیاردان لەسەر رۆژێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بە دوو قۆناخ دەکرێت.، قۆناخی یەکەم پێویستی بە سازانێکی سیاسییە بۆ ئەوەی تەمەنی درێژکردنەوەی پەرلەمان لە



دوو وەرزەوە کورتبکرێتەوە بۆ یەك وەرز، پاشان حکومەت و پەرلەمان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن کۆدەبنەوە  رۆژێك بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری دەکەن، بێگومان ئاشکرایە هەنگاوی دووەمیان زیاتر رۆتینییە و ئاستەنگی نایەتە بەردەم، بەڵام هەنگاوی یەکەمیان کە دروستکردنی سازانی سیاسییە، ئەوەیان لەوانە قورس بێت و ئاسان نەبێت.

بۆ بارودۆخی سیاسیی کوردستان ئەوە هیچ گومانێك هەڵناگرێت کە دروستبوونی سازانی سیاسی لەناو پەرلەماندا لەسەر پرسێکی لەو جۆرە کە ئامانج لێی ئەنجامدانی پێشوەختە، کارێکی ئاسان نابێت و، لەوانەیە زۆر لایەنی سیاسی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە بەرژەوەندیی حزبەکەی نەزانێت، بەڵام بەشێك لە پسپۆران و چاودێرانی بارودۆخی سیاسی کوردستان لەگەڵ ئەوەدان، بارودۆخەکە چەند قورس بێت، بەڵام دیسان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە تێپەڕێنن لە بارودۆخی ئێستای کوردستان باشترە کە بەشێك لە حزبە سیاسییەکان ململانێی سیاسییان گەیاندۆتە ئاستێکی هێندە نزم و خۆفرۆشی کە ئامادەن بچن هاوپەیمانی لەگەڵ حکومەتی عەبادی بکەن بۆ ئەوەی کیانی سیاسی لەناو بەرن.

هەست کردن، بەمەترسیی رەفتاری بەشێك لە حزبە سیاسییەکان بەم ئاستە  نانیشتمانییە، لەسەر ئەو لایەنە سیاسییانەی فەرز دەکات، بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیی حزبی، یان بەبێ گوێدانە ئەوەی لەم هەڵبژادنە کورسییەکانیان کەم  یان زیاد دەکات، بڕیارێکی مێژوویی یەکلاییکەرەوە بدەن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێتەوە بە خاوەنی پشتیوانییەکی سیاسیی بەهێزی ناوخۆی کوردستان و هەروەها بوونی شەرعییەتێکی زیاتر لە روانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. ئەم دوو ئامانجەش کە کوردستان لە هەڕەشە و پیلانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان رزگار دەکات، لەوە گەورەترە کە حزبێك لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دوو کورسیی زیاتر یان دوو کورسیی کەمتر بێنێت.

موسەنا ئەمین
سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (گوڵان):

# ئەوەی عەبادی نیازپاکی نییە و پێویستە ئەوەی دەیکات هەڵسوکەوتی کرداری بن

## ئەوەی عەبادی لە کەرکوک بە ناوی گێڕانەوەی شکۆ بۆ دەوڵەت کردی، بریتی بوو لە پێشێلکردنی دەستووری عێراق

*** هەروەك ئاشکرایە حکومەتەکەی عەبادی بەردەوامە لەسەر پێشێلکاریی دەستووری؛ ئەم پێشێلکارییانەش زیاتر دەرهەق بە هەرێمی کوردستان لە چەندین بڕگەی دەستووری ئەنجام دراون، وەکو لە پرۆژە یاسای بودجە و سزادانی گەلی کوردستان دەبینرێت؛ ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان لەسەر ئەم دۆخە هەیە؟**

- گومانی تێدا نییە ئەم پێشێلکارییە دەستوورییانە زۆرن و دەتوانم بڵێم لە زۆربەی هەر زۆری بڕگەکانی دەستور سەرپێچیکراوە. پێشێلکارییەکانیش هەر مەترسی نین لەسەر هەرێمی کوردستان بگرە مەترسییان لەسەر ئایندەی هەموو عێراقیش هەیە، چونکە دەبنەهۆی ئەوەی چەمکی دەوڵەت نەچەسپێت. چونکە بە داخەوە دەیڵێم کە نە لە هەرێمی حکومەت بۆتە حکومەت و نە لە بەغداش دەوڵەت بۆتە دەوڵەت، مەبەستم ئەوەیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئێمە لەبەردەم دەسەڵاتێکداین کە بە لۆژیکی دەستوور و یاسا و دامەزراوەبوون مامەڵە ناکەن. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی خودی چەمکی دەوڵەت بکەوێتە ژێر مەترسییەوە کاتێك دەستوور جێبەجێ ناکرێت، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەو دیکۆمێنتەی —دەستوور- کە هەموو خەڵك و پێکهاتەکانی عێراقی کۆکردۆتەوە، بەهایەکی نامێنێت و پێکەوەژیان دەکەوێتە بەر مەترسییەکی جیددی، چونکە تەنها جێبەجێکردنی دەستوور دەتوانێت ئەو بنەمایانە دروست بکات کە لە سایەیدا خەڵك بتوانێت پێکەوە بژین و سیستەمە سیاسییەکە قبوڵ بکەن. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش یەکپارچەیی خاکی عێراق دەپارێزرێت، هەروەکو لە دەقی دەستوور و دیباجەکەشیدا هاتووە کە پابەندبوون بەجێبەجێکردنی دەستوور زامنی ئەوەیە کە عێراقییەکان پێکەوە بژین و پێکەوە بمێننەوە. کەواتە هەروەك ئاماژەم پێکرد پابەند نەبوون بە دەستوورەوە مەترسیی لەسەر خودی عێراقیش هەیە نەك هەر تەنیا هەرێمی کوردستان. دواتر ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئەوا بە گوێرەی ئەم دەستوورە دان بە قەوارەی ئەم هەرێمەدا نراوە و ماف و ئیمتیازاتی وەرگرتووە. کەواتە کاتێکیش وردە وردە نکۆڵی لەو دەستوورە دەکرێت و لەلایەن بەغداوە پێشێل دەکرێت، ئەمە بە واتای نکوڵیکردن دێت لە هەموو ئەو ئیمتیازانە و ئەو کاتەش سەرلەبەری ئەو دەستکەوتانەی هەمانە دەکەونە ژێر مەترسییەکی جیددیەوە.

*** گەرچی لێدوانەکانی عەبادی لەسەر دانوستان و ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دڵخۆشکەرن، بەڵام لەرووی کردارو رەفتارەوە جیاوازە ئەوەتا سزاکانی سەر خەڵکی کوردستان بەردەوامن و ئەنجامدانی دانوستانەکان وەکو کارتێکی سیاسی و فشار بەکار دەهێنێت؛ ئەم جیاوازییە لە نێوان لێدوان و رەفتارەکان بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- عەرەب قسەیەکی هەیە کە دەڵێت: (نسمع جعجعة ولا نری طحناً) واتە دەنگە دەنگی ئاش دێت و هیچ ئاردێك نابینین، قسەو لێدوان دەبیستین و هیچ کارێکی بەسوود نابینین. ئەوەی خەڵك پێویستی پێیەتی دانوستاندن نییە تەنیا بۆ گفتوگۆ یاخود کات کوشتن، دواتر ئەمە راگەیاندنی نیازپاکی نییە لە سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە، پێویستە ئەوەی دەیکات هەڵسوکەوتی کرداری بن بۆ ئەوەی بەرەفتار کەمێك لەو ماف و ئیمتیازاتانەی خەڵکی کوردستان بپارێزێت، تاوەکو بەو شێوەیە بەشداربێت لە رەوانەوەی



**ئاشکرایه که حکومەتی عێراق به پاساوی جێبەجێکردنی دەستوورەوە چەند سیاسەت و هەڵوێست و ڕێکارێکی دژ به هەرێمی کوردستانی گرتۆتەبەر، ئەمە له کاتێکدا دەکرێت بڵێین خودی ئەم هەنگاوانە دەچنە خانەی پێشێلکاریی دەستوورییەوە، که ئەگەر بێتو حکومەتی عێراق لەسەریان بەردەوام بێت، ئەوا چارەنووسی تەواوی وڵاتەکە دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە دیمانەیەکمان لەگەڵ د.موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان له ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

ئەو قەیرانە قورسەی که ئێستا لەهەرێمی کوردستان هەیە. حکومەتی عێراق له دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوکی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و هیچ بڕە پارەیەکی نەداوە به خەڵکی هەرێم، ئەمەش پێشێلکارییەکی زۆر ڕوونی یاسا و دەستووری عێراقە، چونکە له دەستووردا پشکی هەرێمی کوردستان له بودجەی گشتی وڵاتدا پارێزراوە و دەبێت دەستەبەر بکرێت بۆ ئەوەی بەشی پێداویستییەکانی کوردستان بکات. له یاسای ٢٠١٦ و ٢٠١٧ ئەوەی سەلماندووە ئەو ٣٠٠ هەزار بەرمیلە بەشێکە له بودجەی هەرێم، بەڵام که ئێستا ئەو کۆنترۆڵی کردووە، ئەوا یان دەبێت نەوتەکەی ڕادەستی هەرێم بکات یاخود داهاتەکەی بنێرێتە هەرێم، بەڵام جێگای داخە حکومەتی عێراق هیچیانی جێبەجێ نەکردووە. که ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەو قەیرانە قووڵەی که له هەرێمی کوردستاندا هەیە له ئێستادا. ئەگەرچی ڕاستە هۆکارێکی گەورەی قەیرانی دارایی هەرێم پەیوەندی به ناشەفافییەت و ناڕوونیی داهاتەکانی هەرێم و نەبوونی دادپەروەری له دابەشکردنی ئەو داهاتانە و بارگرانی له دامەزراندنی خەڵکانێك زۆر لەسەر بودجەی حکومەت و بەهەدەردانی سامانەوە هەیە، بەڵام بەشێکی قەیرانەکە له ئێستادا پەیوەندیی به نکۆڵیکردنی حکومەتی عێراقەوە هەیە که ئەو نەوتە یان داهاتەکەی ڕادەستی هەرێم ناکات، که تەنها لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت بەشێکی لەم قەیرانەی ئێستا چارەسەر بکرێت.

*** سەبارەت به پارێزگای کەرکوك که پرۆسەی بەعەرەبکردن دەستی پێکردۆتەوەو لەمەشدا خودی پارێزگار ئێستا کەرکوك که لەلایەن مەرکەزەوە بەوەکالەت سەپێنراوە بەشدارە لەم پێشێلکارییانە، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی دۆخەکەی کەرکوك ئاسایی بکرێتەوەو ئاوارەکانی کورد بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- بێگومان پێشێلکاریی دەستووریی زۆر کراوە له کەرکوکدا، واتە ئەوەی عەبادی کردی بەناوی جێبەجێکردنی دەستوورەوە و گێڕانەوەی شکۆ بۆ دەوڵەت بریتی بوو له پێشێلکردنی کۆمەڵێك یاساو برگەی دەستووری، وەك ئەنجامدانی تۆقاندن و تاڵانکردن و سووتاندنی ماڵ و حاڵی خەڵك. مەبەستم ئەوەیە که هەندێ له هێزەکان ئەو پێشێلکاریانەیان به چەکی دەوڵەت ئەنجامدا، بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێنی نەبوو، واتە کاری نەکردووە بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکان، یان هەڵگرتن و کۆتایی هێنان بەو ترس و تۆقاندنە، یاخود قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکانەی که ماڵیان سووتێنراوە. لەبەر ئەوە قەیرانەکان هەر وەك خۆیان ماونەتەوە و پێشێلکاریی گەورە کراوە. چارەسەری دۆخی کەرکوکیش به بڕوای من پێویستی بەوە هەیە ڕێز لەمافەکانی هەموو پێکهاتەکانی کەرکوك بگیرێت بۆ ئەوەی بەزوویی ئەو بارە نائاساییە کۆتایی بێت و ئەو هێزە چەکدارانەی هاتوونەتە ئەم ناوچانە بگەڕێنەوە شوێنەکانی پێشووی خۆیان و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شارەکە بدرێتە دەستی پۆلیسی ناوخۆیی، هەروەها بەزوویی پارێزگارێکی نوێ بۆ کەرکوك هەڵبژێردرێت و کاروبارەکانی بەڕێوەبەرێت و لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دەنگی پێ بدرێت و هەڵبژێرێت و کۆتایی بەو بارە نائاساییە و حوکمی سەپێنراوی سەربازی له کەرکوك بهێنرێت.




# عەبادی ئەسپە دۆڕاوەکەی ناو نەخشەی هاوپەیمانییە سیاسییەکانی عێراق



خەلەف عەبدولسەمەد پەرلەمانتاری عێراقی لە لیستی دەوڵەتی یاسا و پارێزگاری پێشووی بەسرە، لەگەڵ ئەوەی ئەمیش تا سەر ئێسقان دژی هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانییەتی، بەڵام لە دیمانەیەکدا سەبارەت بە کەسایەتیی حەیدەر عەبادی و ماستاوکردنی بۆ نوری مالیکی دەڵێت: ئەو حەیدەر عەبادیەی کە باس لە بەهەدەردانی سامانی عێراق لەسەر دەستی مالیکی دەکات، هەر ئەو کەسەیە کاتێک سەرۆکی لیژنەی دارایی بوو لەپەرلەمانی عێراق ، زەمینەسازیی بۆ نوری مالیکی دەکرد و ماستاوی بۆ دەکرد و مەدح و سەنای دەکرد. ئەمە وەسفی یەکێك لە هاوڕێکانی خۆیەتی لەناو حزبی دەعوەی عێراقی و هەر وەك کاندیدی حزبی دەعوەش پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقی وەرگرتووە.

ئەم وەسفەی خەلەفی هاوڕێ و هاوحزبی عەبادی، ئەوەمان پێدەڵێت، حەیدەر عەبادی ئەو جوامێرە نییە لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیدا بەو ئاستە موجازەفە و موغامەرە بکات کە ئێستا لە رەفتارەکانی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەیبینین، بەڵکو بەپێچەوانەوە جۆرێکە لە ماستاوکردن بۆ حزبی دەعوە( لەگەڵ ئەوەی بە لیستێکی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات) بۆ ئەوەی بەشێك لە حزبی دەعوە لەمیانەی دژایەتیکردنی بۆ هەرێمی کوردستان دەنگی پێبدەن و جارێکی دیکە پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە، بەڵام وەك ئەزموونی رابردووی حزبی دەعوە لە جیابوونەوەی د.ئیبراهیم جەعفەری ( سەرۆك وەزیرانی پێشتری عێراق و وەزیری دەرەوەی ئێستای عێراق) پێمان دەڵێت، هەر کەسێك لە حزبی دەعوە جیابێتەوە، لەدەرەوەی حزبەکە بچووك دەبێتەوە نەك گەورەتر، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك مەکتەبی سیاسیی حزبی دەعوە رازی نەبێت عەبادی سەرۆکی لیستی حزبەکە بێت و دوای ئەوانیش مەجلیسی ئەعلا و بەدر و عەسائیب و حزبوڵا، قبوڵیان نەبێت سەرۆکی لیستی ( فتح مبین) بێت، ئەمە مانای ئەوەیە ، حەیدەر عەبادی لەناو شەقامی سیاسیی شیعەی عێراقدا نابێتە ئەو لایەنەی کە دەنگی یەکەم بێنێت، یان هەتا ئەگەر دەنگیش بێنێت، نابێتە ئەو کەسایەتییەی هاوپەیمانییەك پێکبهێنێت بۆ ئەوەی سەرۆکایەتیی هاوپەیمانییەکە بکات و بۆ جارێکی دیکە پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە، بۆیە تاکە کارتێك کە بەدەستییەوە مابێتەوە ئەوەیە کە چەندی بۆی دەکرێت دژایەتیی کوردستان بکات، لەمەش زیاتر ئەگەر بۆی بکرێت و بۆی بچێتە سەر لەوانەیە بیر لە جووڵاندنی هێزی سەربازیش بۆ سەر کوردستان بکاتەوە بۆ ئەوەی هەستی عەرەبی شۆڤێنی سوننە و شیعە بجووڵێنێت و باری لاسەنگیی خۆی پێ راست بکاتەوە.

ئەو ژینگە ئاڵۆزەی حەیدەر عەبادی بەهۆی غروور و لەخۆبایوونی سەربازی دژی کوردستان دروستی کردووە، بەشێکی بە هاندانی ئەو میلیشیا وەکیلانەی ئێران بوو لەناو حەشدی شەعبی وەك ( بەدر و عەسائیب و حزبوڵای عێراق و مەجلیسی ئەعلا) بووە، کە ئێستا

**حەیدەر عەبادی ئەو جوامێرە نییە لە کایەی سیاسی و حکومڕانیدا بەو ئاستە موجازەفە و موغامەرە بکات کە ئێستا لە ڕەفتارەکانی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەیبینایین، بەڵکو بە پێچەوانەوە جۆرێکە لە ماستاوکردن بۆ حزبی دەعوە (لەگەڵ ئەوەی بە لیستێکی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات) بۆ ئەوەی بەشێک لە حزبی دەعوە لەمیانەی دژایەتیکردنی بۆ هەرێمی کوردستان دەنگی پێبدەن و جارێکی دیکە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە**

**بۆ گرێدانی هاوپەیمانی لەنێوان لیستەکەی نوری مالیکی و هادی عامری، کۆماری ئیسلامی ئێران میانگیرێکی باش دەبێت و بە ئاسانی هەر دەتوانێت هاوپەیمانی لەنێوانیاندا دروست بکات، ئەوجا بۆ ئەوەی کوتلەی زۆرینە لەناو ماڵی شیعە دەرنەچێت یان شیعە ناچار نەبێت بۆ پێکهێنانی کوتلەی زۆرینە پەنا بۆ پێکهاتەی کورد یان سوننە بەرێت، ئێران گوشار دەخاتە سەر تەیاری سەدر هەروەک چۆن لە ساڵی ٢٠١٠ بە گوشاری ئێران هاوپەیمانی لەنێوان سەدر و دەوڵەتی یاسا دروستکرد**

دوای ئەوەی بە هەڵەیاندا برد ، خۆیان لیستێکی تایبەتیان دروستکردووە و رازیش نەبوون پشتگیریی عەبادی بکەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بباتەوە، حزبی دەعوەش کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات و لەناو لیستی دەوڵەتی یاسا لەگەڵ چەندین لایەنی دیکە کۆبۆتەوە، ئەوانیش ئامادەنین پشتگیری لێ بکەن، لەمەش زیاتر لەگەڵ دەستپێکردنی فەرمیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە عێراقدا، ئەو کارتەش لەدەستی عەبادی دەسووتێنن کە ئێستا وەك سەرکەوتن بەسەر داعش و سەرکەوتن لە داگیرکردنەوەی کەرکوك و کوردستان بە شەقامی سیاسی عەرەبی عێراقی دەفرۆشێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو میلیشیایانەی راستەوخۆ بە فەرمانی قاسمی سولەیمانی هێرشیان کردە سەر کەرکوك و داگیریان کردەوە، پێشتر و لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هەندێکیان وەك کازم سەیادی پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا ئاشکرای کردووە، ئەو هێزەی کەرکوکی داگیرکردووە فەرمانی لە قاسم سولەیمانی وەرگرتووە نەك حەیدەر عەبادی، هەروەها سەبارەت بە سەرکەوتنەکانیش بەسەر داعشدا، بێگومان دیارە کاتێك عەبادی بووە سەرۆك وەزیرانی عێراق ، پێش چەند مانگێك ئایەتوڵلا سیستانی داوای حەشدی شەعبی شیعەی کردبوو دژی داعش، هەروەها هادی عامری و مەهدی موهەندیس و قەیس خەزعەلی و چەندی دیکەش بە هاوکاری و هەماهەنگیی قاسمی سولەیمانی ، میلیشیاکانی حەشدی شەعبییان بۆ شەڕی دژی داعش دروستکردبوو، بۆیە ئەوەی ئێستا عەبادی وەك سەرکەوتن شانازی پێوە دەکات و بەنیازە بە لیستی ( نصر عابر الطوائف) پێی بچێتە ناو هەڵبژاردنەکان، ئەوا کارتەشی لە دەست دەسوتێنن و بەڵگە و دیکۆمێنیتی بەردەستی هادی عامری و مەهدی موهەندیس و قەیس خەزعەلی و ئەوانی دیکەش بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، رۆڵیان لە شەڕی دژی داعش ئەوەندە زۆرە کە عەبادی نەتوانێت لە ناو شیعەی عێراق پێچەوانەی بکاتەوە، ئەو لایەنانەشی کە ئێستا دوای جیابوونەوەیان لە حزبی دەعوە، ئامادەباشی خۆیان دەربڕیوە کە ببنە هاوپەیمانی حەیدەر عەبادی، بە پلەی یەکەم تەیاری سەدرە بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر و بە پلەی دووەم رەوتی حیکمەیە بە سەرۆکایەتیی عەمار حەکیم، بێگومان لایەنی سەرەکی و بەهێز لەم هاوپەیمانییە تەیاری سەدرە کە پێناچێت لە ٣٠-٣٥ کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، بۆیە ئەگەر عەبادی و حەکیمیش بە هەردووکیان هێندەی سەدر بەدەست بهێنن، ئەوا هێشتا دوورە کە عەبادی شانسی ئەوەی بێت ببێتە سەرۆکی هاوپەیمانییەکی زیاتر لە ١٦٠ کورسی بۆ ئەوەی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، ئەمەش لەبەر ئەوەی قورسایی گەورەی دەنگی شیعە دەکەوێتە لای لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتیی نوری مالیکی و لیستی ( فتح المبین) بەسەرۆکایەتیی هادی عامری.

ئاشکرایە بۆ گرێدانی هاوپەیمانی لەنێوان لیستەکەی نوری مالیکی و هادی عامری، کۆماری ئیسلامی ئێران میانگیرێکی باش دەبێت و بە ئاسانی هەر دەتوانێت هاوپەیمانی لەنێوانیاندا دروست بکات، ئەوجا بۆ ئەوەی کوتلەی زۆرینە لەناو ماڵی شیعە دەرنەچێت یان شیعە ناچار نەبێت بۆ پێکهێنانی کوتلەی زۆرینە پەنا بۆ پێکهاتەی کورد یان سوننە بەرێت، ئێران گوشار دەخاتە سەر تەیاری سەدر هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠١٠ بە گوشاری ئێران هاوپەیمانی لەنێوان سەدر و دەوڵەتی یاسا دروستکرد، ئەمجارەش بە هەمان شێوە ، تەیاری سەدر لە عەبادی جیادەکاتەوە و ئەوکات ، عەمار حەکیمیش ناچار دەبێت دوای سەدر بکەوێت و کوتلەیەکی گەورە لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا و فەتحی موبین و سەدر دروست بکات، بەمەش عەبادی یەك رێگا چارەی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە یان ئەوەیە بەوە رازی دەبێت وەك لیستی ( نەسر) مل بۆ داخوازیەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بدات، یان ئەوەیە لەناو پرۆسەی سیاسی شیعەی عێراقدا دەکەوێتە پەراوێز و دووردەکەوێتەوە.

سیستمی هەڵبژاردن لە عێراق و سروشتی دەنگدانی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق ( کورد و شیعە و سوننە) بەو جۆرەیە ، کە هەم پارێزگاکان کورسییەکانیان دیاریکراوە و هەمیش پێکهاتە سەرەکییەکان دەنگ لە دەرەوەی پێکهاتەی خۆیان بە پێکهاتەیەکی دیکە

نادەن، بۆیە شانسی عەبادی بۆ بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا، تەنیا و تەنیا بەندە بەدەنگدەرانی شیعەی عێراقەوە، ئەوجا کە لەناو شیعەی عێراقدا، لیست و کاندیدی زۆر بەهێزتر لە حەیدەر عەبادی بوونیان هەبێت، ئەوا پێناچێت لەدەرەوەی حزبێکی گەورەی وەك حزبی دەعوە، شتێکی ئەوتۆ دەنگی زیاتر لە دەنگەکانی د.ئیبراهیم جەعفەری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ بەدەست بهێنێت.

هاوپەیمانیی نێوان کوردستان و حکومەتەکەی عەبادی لە ماوەی شەڕی دژی داعشدا، زەمنیەیەکی لەباری بۆ حەیدەر عەبادی دروستکردبوو کە حەیدەر عەبادی وەك ئەو دەوڵەتمەدارە سەیر بکرێت کە ئێستا و ئایندەی عێراق پێویستییەتی، بۆ ئەمەش ئەمریکا و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش و دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی سعودیە و کەنداو گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی ئەگەر عەبادی بەو ئاراستەیە هەوڵبدات عێراق بەڕێوە بەرێت، ئەوا ئەوانیش پشتگیری لێدەکەن، بەڵام ساویلکەیی و کەم ئەزموونی حەیدەر عەبادی لە سیاسەت و حوکمڕانی لەوەدابوو کەوتە ژێر کاریگەریی لێدوانە توندەکانی قەیس خەزعەلی و هادی عامری و چەند سەرکردەیەکی دیکەی حەشدی شەعبی دژی کوردستان، ئەو بەوجۆرە هەڵخەڵەتابوو ئەگەر بە ئاوازی ئەوان هەڵپەڕێت، ئەوا حەشدی شەعبی دەیکاتە برا گەورە، ئەوەی لەبیرچووبوو، حەشدی شەعبی بۆ مەرامەکانی خۆیان سوودیان لە پۆستەکەی ئەو وەرگرت و بەناوی ئەوەوە ئەوەی ویستیان کردیان و لەناو شەقامی شیعەی عێراقیشدا سەلماندیان ئەوەی کراوە، خۆیان کردوویانە و عەبادی هیچ رۆڵێکی نەبووە.

حەیدەر عەبادی کە ئێستا لەناو ژینگەی هاوپەیمانییە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق ، تووشی هیستریای سیاسی بووە و نەدەتوانێت شەقامی شیعە رازی بکات و نەدەتوانێت هەنگاو بۆ سەقامگیری و گێرانەوەی ئاوارەکانی عەرەبی سوننە هەڵبگرێت و نەدەشتوانێت هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی خواستی بوو داگیری بکات و لەناویبەرێت، ئەوا ئێستا جیا لەوەی لە ناو شیعەی عێراقدا راشکاوانە پێیان راگەیاند تۆ ئەو کەسە نیت شیعە وەك رابەر و سەرۆکی خۆی دەنگی بۆ بدات، ئەوا لەناو سوننە و کوردیشدا، نەك هەر هیچ ئیعتوبارێکی نییە، بەڵکو لەوانەیە سوننە و کوردیش جۆرە نەرمییەك بەرامبەر هاوپەیمانییەکانی دیکەی شیعە دژی عەبادی بنوێنن.

سەبارەت بە تێروانینی ئەمریکا بۆهەڵبژاردنەکانی عێراق کە تا ئەوپەڕی ئەمریکا مەبەستی بوو گرەو لەسەر هەڵبژاردنەوەی عەبادی بکات بۆ ئەوەی بە هاوپەیمانی لەگەڵ کوردستان زەمینەیەکی باشی بۆ دروست بکات، ئەوا لە ئێستادا کە ئەمریکا چاوەڕێی ئەوەی لە عەبادی دەکرد بە خواستی ئەو دیالۆگ لە چوارچێوەی دەستوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست پێبکات و زەمینە بۆ سەقامگیرییەکی زیاتر لە عێراقدا خۆش بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، عەبادی تەواو پێچەوانەی مەزندەکانی ئەمریکا هەنگاو هەڵدەگرێت و رۆژ لەدوای رۆژ خۆی لە دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدزێتەوە، ئەمەش تێبینیی گرنگی لای ئیدارەی ئەمریکا درووستکردووە و خەریکە دەگەنە ئەو قەناعەتەی ئەو سەرکەوتنەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەشەڕی دژی داعش بەدەستی هێناوە، حەیدەر عەبادی بە غروری سیاسی و سەربازی لەدەستی دەدات، بەمەش جیا لەوەی جارێکی دیکە عێراق پێشکەشی ئێران دەکرێتەوە، لەهەمانکاتدا لە عێراقیشدا سەقامگیری درووست نابێت کە ئەمریکا وەك ئامانجی سەرەکیی خۆی سەیری دەکات.

ئەم بارودۆخە وایکردووە کە عەبادی نە ئەو کاندیدە بێت کە جێگەی رەزامەندی ئێران بێت و پاشان بە گوشاری ئێران هاوپەیمانی بۆ دروست بکرێت و ببێتەوە بەسەرۆك وەزیرانی عێراق، لە هەمانکاتدا نە ئەو کاندیدەشە کە جێگەی رەزامەندیی ئەمریکا بێت بەو ئاستەی ئەمریکا هەوڵبدات کوردستان پشتیوانی بکات و زەمینەیەك دروست بێت بۆ ئەوەی ببێتەوە بەسەرۆك وەزیران عێراق، هەر بۆیە لە ئێستا بەدواوە حەیدەر عەبادی زیاتر لە ئەسپێکی دۆڕاو دەچێت و پێناچێت نە ئەمریکا و نە ئێران گرەوی خۆیان لەسەر بکەن.

**لە ئێستادا کە ئەمریکا چاوەڕێی ئەوەی لە عەبادی دەکرد بە خواستی ئەو دیالۆگ لە چوارچێوەی دەستوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست پێبکات و زەمینە بۆ سەقامگیرییەکی زیاتر لە عێراقدا خۆش بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، عەبادی تەواو پێچەوانەی مەزندەکانی ئەمریکا هەنگاو هەڵدەگرێت و رۆژ لەدوای رۆژ خۆی لە دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدزێتەوە، ئەمەش تێبینیی گرنگی لای ئیدارەی ئەمریکا درووستکردووە**

**ئەم بارودۆخە وایکردووە کە عەبادی نە ئەو کاندیدە بێت کە جێگەی رەزامەندی ئێران بێت و پاشان بە گوشاری ئێران هاوپەیمانی بۆ دروست بکرێت و ببێتەوە بەسەرۆک وەزیرانی عێراق، لە هەمانکاتدا نە ئەو کاندیدەشە کە جێگەی رەزامەندیی ئەمریکا بێت بەو ئاستەی ئەمریکا هەوڵبدات کوردستان پشتیوانی بکات و زەمینەیەک دروست بێت بۆ ئەوەی ببێتەوە بەسەرۆک وەزیران عێراق**



**من بە وردی چاودێریی ئەو پەرەسەندنانەم نەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم کە ئیدارەی ترەمپ هەوڵدەدات هانی رژێمی ئێران بدات بۆ ئەوەی لێبووردە بێت لە ئاست ئەو کەسانەی هەڵگری بۆچوونی سیاسیی جیاوازن، بەڵام پێموایە رژێمی ئێران بە رِاددەیەکی گەورە پارێزراوە لە ئاست فشارەکانی ئەمەریکا بۆ چۆنییەتی بەرِێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتەکەی**

*** بە گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ دەرِوانیت و ئایا چۆن وەسفی سیاسەتی ئەم ئیدارەیە دەکەیت لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەرِاستدا؟**

- ئاشکرایە کە سەرۆك ترەمپ سیاسەتێك پیادە دەکات کە خۆی باوەرِی وایە سیاسەتێکە دەبێتەهۆی هێنانەدی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا و بە بۆچوونی خۆی زۆر جیاوازە لە سیاسەتەکانی سەرۆکەکانی پێش خۆی. کەواتە ئەو کەسێکی ناتەقلیدییە و لەسەر بنەمای دیدگایەکی دیاریکراو بۆ رِۆڵی ئەمەریکا لە جیهاندا رِەفتار دەکات. واتە لە کاتێکدا کە لە سەدەی پێشوودا، لە سەدەی بیستدا، بەو شێوەیە لە ئەمەریکا دەرِوانرا کە داینەمۆی ئابووریی جیهان و ئاڵاهەڵگری دیموکراسییە، ئەوا پێناچێت سەرۆك ترەمپ جەخت لەسەر ئەمە بکاتەوە، لەبری ئەوە جەخت لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی وڵاتەکەی و ترس و نیگەرانی لە کۆچبەران دەکاتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی ئەو ئیدارەیەوە هەبێت لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەرِاستدا، ئەوا بە بۆچوونی من سیاسەتێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی نییە بۆ ئەم ناوچەیە. کە ئێمە بینیمان بەم دواییە برِیاریدا بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئیسرائیل بۆ قودس، کە ئەم برِیارەش مایەی مشتومرِی زۆرە بە لای زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەرِاستەوە، بەتایبەتی وڵاتە عەرەبییەکان.

*** باشە ئێوە باستان لەوە کرد کە سەرۆك ترەمپ دیدگایەکی دیاریکراوی هەیە بۆ وڵاتی ئەمەریکا و لەم رِووەوە سیاسەتی تایبەت بە خۆی پیادە دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند سەرکەوتوو بووە لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە و لە هێنانەدی ئامانجەکانیدا؟**

- لە رِاستیدا زەحمەتە ئەم پرسە یەکلابکەینەوە لە پەیوەندیدا بە سیاسەتی دەرەکییەوە، هەرچەندە

## پیتەر ویڵهوۆیر

### پرۆفسیۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا سیاسەتێکی گشتگیری نییە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**پیتەر ویڵهوۆیر پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی (Western Michigan)، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆرجیا بەدەستهێناوە، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك پارتە سیاسییەکان، سیاسەت و ئایین و سیاسەتی ڕەگەزپەرستی. بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمەریکا بە گشتی و سیاسەتی ئەو ئیدارەیە لە ئاستی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

دەتوانین بڵێین لە پەیوەندیدا بە سیاسەتی دەرەوەدا لە هەندێ ڕووەوە سەرکەوتوو نەبووە، وەك هەنگاو و بڕیارەکانی بۆ کشانەوە لە چەند ڕێککەوتنێك، وەك ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد و ڕێککەوتنی پاریس بۆ ژینگە. بەڵام لە هەندێ ڕووی دیکەوە سیاسەتێکی تەواو ئیستیفزازی گرتەبەر بەتایبەتی لە ئاست کۆریای باکووردا، کە ئێستا دەبینین کە دوای ماوەیەکی دوورودرێژە بۆ یەکەمجارە کۆریای باکوور و کۆریای باشوور گفتوگۆ دەکەن، هەرچەندە ڕوون نییە کە تا چەند دەتوانین بڵێین کە ئەو هۆکاری ڕوودانی ئەم گفتوگۆیانە بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم پەرەسەندنە لە کاتێکدا ڕوویدا کە ئەو ئیدارەی ئەمەریکای بەدەستەوەیە. هەرچۆنێك بێت هێشتا زووە ئەوە یەکلابکەینەوە کە ئایا سەرکەوتوو بووە یان نا.

*** بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێت وایە ئەمەریکا وردەوردە خۆی بە دوور دەگرێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەم ناوچەیە پاشەکشە دەکات، ئەگەر وایێت ئایا ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم خۆبەدوورگرتنەی ئەمەریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چی دەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورەیە. سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە من هاوڕام کە ئەو خۆی بە دوورگرتووە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. ڕاستە ئەو زاواکەی خۆی دەستنیشانکردووە بۆ ئەوەی کار لەسەر پرسی گفتوگۆکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بکات، بەڵام تا ئێستا قسە و باسێکی زۆرمان نەبیستووە لە بارەی دەستپێکردنەوەی ئەو گفتوگۆیانە. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە باس لەوە بکەین کە لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە. دوای ئەوە من پێم وایە ئەم ناوچەیە بە گشتی نەبۆتە ئەولەویەتێکی باڵا بۆ سەرۆك ترەمپ.

*** هەر لە پەیوەندیدا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی**

**ئەوەی ئەمەریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات تەنها بەکارهێنانی هێزە، بەڵام ئەو هۆکارانەی دەبنەهۆی هێنانەدی ئەو پەرەسەندنانە زۆربەیان هۆکاری ناوخۆیین. بەو پێیە بەرپرسیارێتییەکە بە ڕادەیەکی گەورە لەسەر شانی حکومەتەکانی وڵاتانی ناوچەکەیە. هەروەها ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو ئەوەبوو کە زۆربەی شەڕەکە لەلایەن خودی وڵاتانی ناوچەکەوە کراوە**

**سەرۆک ترەمپ سیاسەتێک پیادە دەکات کە خۆی باوەڕی وایە سیاسەتێکە دەبێتەهۆی هێنانەدی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا و بە بۆچوونی خۆی زۆر جیاوازە لە سیاسەتەکانی سەرۆکەکانی پێش خۆی. کەواتە ئەو کەسێکی ناتەقلیدییە و لەسەر بنەمای دیدگایەکی دیاریکراو بۆ ڕۆڵی ئەمەریکا لە جیهاندا ڕەفتار دەکات. واتە لە سەدەی بیستدا، بەو شێوەیە لە ئەمەریکا دەڕوانرا کە دایەنەمۆی ئابووری جیهان و ئاڵاهەڵگری دیموکراسییە، ئەوا پێناچێت سەرۆک ترەمپ جەخت لەسەر ئەمە بکاتەوە**

**ئەگەر ئێمە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەرچاو بگرین، ئەوا بە تێڕوانینی من سیاسەتەکە بریتییە لە سیاسەتی خۆبەدوورگرتن. هەروەها ئەوەی بەدی دەکەین بریتییە لەوەی چەند وڵاتێکی دیکەی، وەک رووسیا و چین کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە رووی جوگرافییەوە نزیکترن و هەردوو وڵاتەکەش بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی ڕوونتریان هەیە لە ناوچەکەدا**

**دژ بە تیرۆرەوە بەتایبەتی داعش، دەبینین ئەم ڕێکخراوە بە ڕادەیەکی گەورە تێکشکێنراوە، بەڵام ئەگەر ئیدارەی ترەمپ سەرکەوتنی سەربازی ڕابگەیەنێت و چیتر بایەخ بەم ناوچەیە نەدات ئایا سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی ئەل قاعیدە و داعش نابێتە شتێکی حەتمی؟**

- لە ڕاستیدا پێموایە تا ڕادەیەکی دیاریکراو بەرپرسیارێتیی بەرەنگاربونەوە و ئیحتیواکردنی ڕێکخراوەکانی وەك ئەلقاعیدە و داعش دەکەوێتە ئەستۆی خودی وڵاتانی ناوچەکە، هەرچەندە ئەمەریکا دەتوانێت پشتیوانیی ئەو وڵاتانە بکات. بەڵام ئەوەی ئەمەریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات تەنها بەکارهێنانی هێزە، بەڵام ئەو هۆکارانەی دەبنەهۆی هێنانەدی ئەو پەرەسەندنانە زۆربەیان هۆکاری ناوخۆیین. بەو پێیە بەرپرسیارێتییەکە بە ڕادەیەکی گەورە لەسەر شانی حکومەتەکانی وڵاتانی ناوچەکەیە. هەروەها ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو ئەوەبوو کە زۆربەی شەڕەکە لەلایەن خودی وڵاتانی ناوچەکەوە کراوە، کە پێموایە ئەو ستراتیژییەتە سەرکەوتووەکەیە و ئەوەش کاریگەریی درێژخایەنی دەبێت لەسەر جڵەوکردنی ڕێکخراوەکانی وەك داعش.

*** هەروەك ئاشکرایە کە بەم دواییە وڵاتی ئێران چەند خۆپیشاندانێکی بە خۆوە بینی، کە بینیمان سەرۆك ترەمپ و چەند بەرپرسێکی دیکەی ئیدارەکەی لێدوانیان دا لەبارەی ئەو پەرەسەندنانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینی ئەوە دەکەین کە ئەمەریکا فشاری زیاتر لەسەر ئێران بکات دوای ڕوودانی ئەو پێشهاتانە، بەتایبەتی کە ئیدارەی ترەمپ بەردەوام ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کە سەرچاوەی ناسەقامگیرییە لە ناوچەکەدا؟**

- لە ڕاستیدا من بە وردی چاودێریی ئەو پەرەسەندنانەم نەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم کە ئیدارەی ترەمپ هەوڵدەدات هانی رژێمی ئێران بدات بۆ ئەوەی لێبووردە بێت لە ئاست ئەو کەسانەی هەڵگری بۆچوونی سیاسیی جیاوازن، بەڵام پێموایە رژێمی ئێران بە ڕادەیەکی گەورە پارێزراوە لە ئاست فشارەکانی ئەمەریکا بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتەکەی، لەم ڕوانگەیەوە پێموانییە هەوڵ و کۆششەکانی ئەمەریکا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتی ئێران.

*** بەڵام پێتوایە هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لە ئاست سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی ئێران، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە دەستڕۆیشتوویی و دەستتێوەردانی ئێرانەوە لە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا، وەك عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن؟**

- لە ڕاستیدا لای من ڕوون نییە ئایا ئیدارەی ترەمپ سیاسەت و ستراتیژییەتێکی بەهێز و تۆکمەی هەیە بۆ ئیدارەدانی ئەم پرسە. من پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە یەکێك لەو کێشانەی ئیدارەی ترەمپ بەدەستییەوە دەناڵێنێت بریتییە لە جێهێشتنی ئەم ئیدارەیە لەلایەن کەسانی شارەزا و پڕنەکردنەوەی پۆستە باڵاکانی ئیدارەکەیەتی، کە پێموایە ئەمەش ئاستەنگی بۆ ئەمەریکا دروستکردووە و بواری نادات سیاسەتێکی کاراتر پیادە بکات لە ڕێی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیەوە بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر وڵاتێکی وەك ئێران.

*** ئایا پێشبینییەکانت چین لەبارەی ئاڕاستە و ئاقاری سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەرچاو بگرین، ئەوا بە تێڕوانینی من سیاسەتەکە بریتییە لە سیاسەتی خۆبەدوورگرتن. هەروەها ئەوەی بەدی دەکەین بریتییە لەوەی چەند وڵاتێکی دیکەی، وەك رووسیا و چین کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە رووی جوگرافییەوە نزیکترن و هەردوو وڵاتەکەش بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی ڕوونتریان هەیە لە ناوچەکەدا. کەواتە بەم شێوەیە من پێموایە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێمە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەم دەبێتەوە و لەبەرامبەردا کاریگەریی هەردوو وڵاتی چین و رووسیا هەڵدەکشێن. هەروەها باوەڕم وا نییە کە یەکێتیی ئەورووپاش خواستی ئەوەی هەبێت کە بە چڕوپڕی بەشداریی لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات.



جەیمس هۆڵیفیڵد
پسپۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# هیوادارم ئێران و سعودیە سیاسەتێکی میانڕەوتر بگرنەبەر بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە

**جەیمس هۆڵیفیڵد خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی کە لە زانکۆی دیوک بەدەستی هێناوە. ئەندامی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و توێژەری سیاسەتی گشتییە لە سەنتەری وودرۆ ویلسۆن، ڕاوێژکاری چەندین ڕێکخراوی حکومی و ناحکومیی بووە. بۆ شرۆڤەکردنی هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

**بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەسەندنێکی زۆر خێرا بە خۆیەوە دەبینێت، ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە، ئەوا بارودۆخێکی لەرزۆک لە ئارادایە، کە ئێمە بینیمان خۆپیشاندان دژی ڕژێمی ئەو وڵاتە بەرپاکرا، کە پێموایە هۆکارەکەشی نارەزایی بوون و نیگەرانیی خەڵک بوو لە ئاست بەرەوپێشنەچوونی ڕەوشی ئابووریی وڵاتەکە**

*** هەروەك ئاشکرایە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بارێکی ناسەقامگیر و ناجێگیردایە، بەم دواییە چەند پەرەسەندنێکی دیکەش ڕوویاندا، وەك ئەو خۆپیشاندانانەی لە ئێران هاتنەئاراوە، ئێوە چۆن وەسفی ئەم بارودۆخە دەکەن؟**

- بە گشتی پێموایە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەسەندنێکی زۆر خێرا بە خۆیەوە دەبینێت، ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە، ئەوا بارودۆخێکی لەرزۆك لە ئارادایە، کە ئێمە بینیمان خۆپیشاندان دژی ڕژێمی ئەو وڵاتە بەرپاکرا، کە پێموایە هۆکارەکەشی نارەزایی بوون و نیگەرانیی خەڵك بوو لە ئاست بەرەوپێشنەچوونی ڕەوشی ئابووریی وڵاتەکە. بەڵام ئایا ئەمە چ کاریگەری و ئاکامێکی دەبێت لەسەر هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەبینین کە لە سعودیەش گۆڕانکاریی بایەخدار و جێی سەرنج هاتونەتەئاراوە، بەو پێیە دەتوانین بڵێین لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەنێو جیهانی شیعە و سوننەشدا دۆخەکە بە ڕەوتێکی خێرا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، کە دەتوانین بڵێین بە دڵنیاییەوە ئەمە کاریگەریی دەبێت لەسەر هاوسەنگیی هێز. کە پێموایە پێویستە ئەمریکا و هێزەکانی دیکە، وەك ئەوروپا و ڕووسیا زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن و هەنگاو هەڵبگرن، بۆ ئەوەی ئاڵۆزتری نەکەن، واتە دەرفەت و کات بە خەڵکی ناوچەکە بدەن بۆ ئەوەی خۆیان هەڵبستن بە چارەسەرکردنی کێشەکانیان. هەروەها ئومێدەکە ئەوەیە کە هەلومەرجی سوریا و عێراقیش سەقامگیر بێت بەتایبەتی دوای تێکشکاندنی داعش، کە ئەمەی دواییان پەرەسەندن و ساتەوەختێکی گرنگ بوو. کەواتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بارودۆخێکی زۆر ناسك و هەستیاردا تێدەپەڕێ و دووبارەی دەکەمەوە پێویستە هێزە جیهانییەکان بوار بدەن بۆ ئەوەی گەلانی ناوچەکە کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان بکەن.

*** ئەگەر لەسەر پرسی پەرەسەندنەکانی ئێران ڕابوەستین ئەوا ئاشکرایە تا ئێستا ئێران بە سوودمەند و بە براوەی سەرەکیی پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانراوە، بەڵام ئایا دەکرێت بڵێین دوای هاتنەئارای ئەم خۆپیشاندانانە ئێران باجی سیاسەتەکانی دەرەوە و سەرقاڵبوونی بە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەوە دەدات؟**

- لە ڕاستیدا لە هەر شوێن و ناوچەیەك هاوسەنگیی هێز ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، بە تایبەتی لە ناوچەیەکی لەرزۆکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا دەبینین هێزە گەورەکان هەوڵدەدەن سوودی لێ وەربگرن و چاو لەوە دەبڕن کە پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن و هەندێ جاری زیاتر لە توانای خۆیان دەیانەوێت برەو بەو دەستڕۆیشتوییە بدەن و ئەمەش دووچاری دژواریان دەکاتەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەم حاڵەتەش بەسەر ئێراندا جێبەجێ دەبێت، کە ئاشکرایە ئێران وەبەرهێنانی گەورەی کردووە لە شەڕی بە وەکالەتدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها هەڵساوە دەستتێوەردان لە هەر یەکە لە وڵاتانی عێراق و سوریا و لوبناندا. بە هەمان شێوە دەبینین سعودیە هەمان ڕێچکەی دووبارە کردۆتەوە و گرتۆتەبەر، وەك دەستتێوەردانی لە ڕەوشی یەمەندا کە دەبینین ناسەقامگیرییەکی زیاتری بە دوای خۆیدا هێناوە. لە ئەنجامدا ڕکابەرییەکی بەهێز هاتۆتەئاراوە لەنێوان سعودیە و ئێراندا، کە ڕاستە تا ئێستا دۆخەکە سەری نەکێشاوە بۆ شەڕێکی کراوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ناسەقامگیریی زیاتری لێ دروست بووە، ئێستاش ئەوە دەبینین کە لە ئێراندا ڕوویدا، بە هەمان شێوە سعودیەش بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەییدا تێدەپەڕێت.

**بە تێڕوانینی من ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ڕۆڵێکی زۆر خراپی گێڕاوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە دانپێدانانی بە قودسدا وەک پایتەختی ئیسرائیل هەنگاوێکی ناکامڵ بوو و هەڵەیەکی گەورەی سیاسی و دیپلۆماسی بوو لەلایەن ئیدارەی سەرۆک ترەمپەوە، بە هەمان شێوە خواستی سەرۆک ترەمپ بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەکی لە ڕێی تویتەوە بیرۆکەیەکی زۆر خراپە و بگرە کارێکی زۆر مەترسیداریشە**

*** ئەی چۆن لە ڕۆڵی ئیدارەی سەرۆک ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست ئەم گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەدا و چۆن لەو سیاسەتانە دەڕوانیت کە تا ئێستا ئەم ئیدارەیە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گرتوونیەتیەبەر؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ڕۆڵێکی زۆر خراپی گێڕاوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە دانپێدانانی بە قودسدا وەك پایتەختی ئیسرائیل هەنگاوێکی ناکامڵ بوو و هەڵەیەکی گەورەی سیاسی و دیپلۆماسی بوو لەلایەن ئیدارەی سەرۆک ترەمپەوە، بە هەمان شێوە خواستی سەرۆک ترەمپ بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەکی لە ڕێی تویتەوە بیرۆکەیەکی زۆر خراپە و بگرە کارێکی زۆر مەترسیداریشە، چونکە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی کێشە و ناسەقامگیریی زیاتر.

*** ئیدارەی ترەمپ ڕایگەیاندووە کە دەیەوێت سیاسەتێکی سەختگیرتر لە ئاست ئێراندا بگرێتەبەر، ئایا پێتوایە دوای ڕوودانی خۆپیشاندانەکانی ئێران ئیدارەی ترەمپ هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە لە دژی ڕژێمی ئەو وڵاتە؟**

- لە ڕاستیدا ڕوونە کە ئیدارەی سەرۆک ترەمپ خوازیاری ئەوەیە ڕژێمی ئێران بکەوێتە بارێکی ناسەقامگیرەوە و بگرە گۆڕانکاری لە ڕژێمی ئەو وڵاتەشدا بکرێت، کە دەتوانین بڵێین ئەم خواستە- واتە گۆڕینی ڕژێمی ئێران- بۆتە سیاسەتێکی ڕانەگەیەنراوی هەندێ لە بەرپرسەکانی ئیدارەی ترەمپ، بەڵام بە تێڕوانینی من هەر دەستتێوەردانێکی گەورەی ئەمەریکا لە دۆخی ئێراندا، دەبێتەهۆی ئەوەی هەلومەرجەکە بە ئاڕاستەیەکی خراپتردا بڕوات. لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من پێویستە بوار بە خەڵکی ئێران بدرێت بۆ ئەوەی خۆیان کۆنترۆڵی دۆخ و ڕەوشی وڵاتەکەی خۆیان بکەن، بە ئومێدی ئەوەی پەرەسەندنێکی سیاسی دوور لە سەرکوتکاری و خوێنرێژییەکی بەربڵاو بێتەئاراوە لەو وڵاتەدا. کەواتە بە دڵنیاییەوە پێویستە پشتیوانی لە هاتنەئارای کۆمەڵگەیەك یان سیستمێکی کراوەتر و دیموکراتر بکەین لە ئێراندا، بە ئومێدی ئەوەی ڕژێمی ئەو وڵاتە بە دەم داخوازییەکانی خەڵکەوە بێت و - هەروەك ئاماژەم پێکرد - سەرکوتکاری و خوێنڕشتن دروست نەبێت.

*** ئایا پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین، ئایا ئەگەر واقیعیانە لە دۆخەکە بڕوانین دەکرێت ئومێدی ئەوە بخوازین پەرەسەندنی ئیجابی بێتەوە ئاراوە، یاخود ڕەوشەکە بە جۆرێکە کە بوار بە پێشبینیەکی لەم چەشنە نادات؟**

- لە ڕاستیدا ئەم ناوچەیە بەردەوام بارودۆخێکی لەرزۆك و ناسەقامگیر و پڕ لە ناکۆکی باڵی بەسەردا دەکێشێت، کە پێویستە هەمو هەوڵ و کۆششێك بخەینەگەڕ بۆ سەقامگیرکردنی هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع بەتایبەتی لە عێراق و سوریا، هەروەك چۆن کارمان کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەلقاعیدە و داعش کە لە هەوڵی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکەدا بوون. هەروەها پێویستە هانی هێنانەئارای گفتوگۆ لە نێوان شیعە و سوننەدا بدەین بۆ ئەوەی دۆخەکە کەمتر ناجێگیر بێت و کەمتر ئاراستەی ململانێ و ناکۆکی بگرێتەبەر، بەڵام ئەمەش کات و سەردەمێکی درێژخایەنی پێویستە.

*** کەواتە ئایا پێتوانییە بەم نزیکانە دۆخەکە بەرەو باشتر بچێت؟**

- لە ڕاستیدا لەم ساتەوەختەدا ڕوون نییە ئایا دۆخی ئێران بە کوێ دەگات، کە من ئومێدەوارم شەڕی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا دروست نەبێت، هەرچەندە من نیگەرانم لەبارەی دۆخی ئێرانەوە. هەروەها لای من ڕوون نییە ئایا دۆخی سعودیەش بە چ ئاراستەیەکدا پەرەدەستێنێت، کە ئاشکرایە محەمەد بن سەلمان دەیەوێت گۆڕانکاریی گەورە بکات لە وڵاتەکەیدا و لەنێو ئەم دۆخە ئاڵۆزەدا بەرژەوەندییەکانی سعودیە بەدی بهێنێت، کە دەیەوێت ڕووبەڕووی پیاوانی ئایینی بێت. من خۆم تەمەننای ئەوە دەکەم کە سیاسەتێکی میانڕەوتر و نەرمتر لەلایەن سعودیە وئێرانەوە ببینم، بە چەشنێك کە ببنەهۆی خاوبوونەوەی بارگرژییەکانی سوریا و عێراق و شوێنەکانی دیکە. لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە بە ڕاستی پێویستە هاوکاری ئەو کۆمەڵگەیانە بکەین بۆ ئەوەی ئاڕاستەیەکی کراوەتر بگرنەبەر، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە گۆڕانکاری بە خێرایی ڕوونادات و دەبێت زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرین و کارێك نەکەین کە دۆخەکە خراپتر و ئاڵۆزتر بکەین.

**لەم ساتەوەختەدا ڕوون نییە ئایا دۆخی ئێران بە کوێ دەگات، کە من ئومێدەوارم شەڕی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا دروست نەبێت،هەروەها لای من ڕوون نییە ئایا دۆخی سعودیەش بە چ ئاراستەیەکدا پەرەدەستێنێت، کە ئاشکرایە محەمەد بن سەلمان دەیەوێت گۆڕانکاریی گەورە بکات لە وڵاتەکەیدا و لەنێو ئەم دۆخە ئاڵۆزەدا بەرژەوەندییەکانی سعودیە بەدی بهێنێت، کە دەیەوێت ڕووبەڕووی پیاوانی ئایینی بێت**

**بە ئومێدی ئەوەی پەرەسەندنێکی سیاسی دوور لە سەرکوتکاری و خوێنرێژییەکی بەربڵاو بێتەئاراوە لەو وڵاتەدا. کەواتە بە دڵنیاییەوە پێویستە پشتیوانی لە هاتنەئارای کۆمەڵگەیەک یان سیستمێکی کراوەتر و دیموکراتر بکەین لە ئێراندا، بە ئومێدی ئەوەی ڕژێمی ئەو وڵاتە بە دەم داخوازییەکانی خەڵکەوە بێت و - هەروەک ئاماژەم پێکرد - سەرکوتکاری و خوێنرشتن دروست نەبێت**

# هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژیی نوێی یەکێتیی ئەورووپا بۆ عێراق

هەفتەی ڕابردوو یەکێتیی ئەورووپا ستراتیژێکی نوێی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق خستەڕوو دوای ئەوەی مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو ئەنجوومەنی کاروباری دەرەوەی یەکێتییەکە داوای دارشتنی ئەم ستراتیژەی کردبوو. ئەم ستراتیژە تەنیا دید و ستراتیژ و پلانەکانی یەکێتییەکە دەخاتە ڕوو بەرامبەر عێراق و چەند مانگێک لەمەوبەر ستراتیژ و پلانی داهاتوویان بۆ سوریا خستەڕوو. ستراتیژەکە بۆ ماوەی حەوت ساڵە و هەر دوو ساڵ جارێک پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ. کۆمەڵێك ئامانجی ستراتیژیی دەستنیشانکردووە کە بۆ جێبەجێکردنیان پێویستە یەکێتیی ئەورووپا لە چەندین بواردا هاوکاریی عێراق بکات و بەرامبەر بەوەش عێراق هەموو یان بەشی زۆری ئەو ئیلتیزاماتانەی خراوەتە ئەستۆی جێبەجێ بکات.

لە پێشەکی دۆکیومێنتەکەدا یەکێتیی ئەورووپا داوا لە حکومەتی عێراق دەکات بۆ ئەوەی ئەو کارەساتانەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو لە عێراق دا ڕوویاندا دووبارە نەبنەوە، پێویستە حکومەت هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی داعش چارەسەر بکات، بە پێچەوانەوە یەکێتیی خاک و ئاسایشی ولات و سیستەمی سیاسی و پەرەپێدانی ئابووری و هەوڵەکانی بۆ چاکسازی و ئاشتبوونەوە تووشی هەڵدێر دەبن.

وەک ڕوونکراوەتەوە، سێ ئامانجی سەرەکی هۆکاری ئامادەکردنی ئەم ستراتیژەن کە بریتین لە:

- **دەستنیشانکردنی ئەو تەحەدا سەرەکییانەی عێراق ڕووبەڕوویان دەبێتەوە:**

عێراق لە داهاتوودا ڕووبەڕووی شەش تەحەدای سەرەکی دەبێتەوە کە بریتین لە تەحەداکانی بواری هاوکاری مرۆیی و حوکمڕانی و ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە ئازادکراوەکان وەک تەحەدای یەکەم و تەحەداکانی بواری ئاسایش بەتایبەتی بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم و کێشەکانی ناوخودی هێزە بەرگرییەکانی عێراق بەتایبەتی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ حەشدی شەعبی. تەحەدای سێیەم کە بەرۆکی عێراق دەگرێت تەحەدای سیاسین و جەخت دەکاتەوە کە (پاراستن و بەهێزکردنی یەکێتی و ئاسایش و پێشکەوتنی وڵات وەک هەمیشە گرنگن). لە هەمان کاتدا چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم بە ئەولەویەتێکی گرنگ دادەنێت (دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشە کۆن و نوێکان گرنگن بۆ سەقامگیریی درێژخایەنی عێراق. ئەولەویەتێکی گرنگ بریتییە لە یارمەتیدان تا پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بخەینە سەر بناخەیەکی شیاو و سەقامگیر لە ڕێگای دایەلۆگی بنیاتنەرانە دەربارەی هەموو کێشە پەیوەندارەکان لەسەر

**یەکێتیی ئەورووپا لە ماوەی داهاتوودا لە نۆ بواری جیاوازدا هاوکاریی عێراق دەکات بۆئەوەی بتوانێت ئەو ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشانەی لە ستراتیژەکەدا دیاریکراون بهێنێتەدی. لە مەودایەکی کورتدا هاوکاریی مرۆیی بۆ ئاوارەکان لەو شوێنانەی کە ئێستا لێی دەژین. ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە ئازادکراوەکان تا ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و باشترکردنی باری ئاسایش و بەهێزکردنی تواناکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم**



**هۆشیار سیوەیلی**
بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان
■ بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاستی سیاسی و ئاسایش و ئابووری. پێویستە پرەنسیپی ڕێنیشاندەریش بۆ ئەم جۆرە دایەلۆگە بریتی بێت لە دوورکەوتنەوەی لایەنەکان لە کاری تاک لایەنە و هەوڵی جێبەجێکردنی تەواوی دەستوور)

تەحەدایەکی تری بەردەم عێراق بەپێی ستراتیژەکەی یەکێتیی ئەوروپا بریتییە لە کێشە ئابووری و داراییەکان. (GDP)ی عێراق لە ٧,٠٢١ دۆلار لە ساڵی ٢٠١٣ دابەزیوە بۆ ٤,٥٣٣ دۆلار لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٥ ٪ عێراقییەکان ئێستا لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژین .ئەمە لە کاتێکدایە کە عێراق پێویستی بە ١٥٠ ملیارد دۆلار هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات. کێشەیەکی تر کە عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە مەسەلەی کۆچکردنی خەڵک و ڕۆیشتنیانە بۆ ئەوروپا. لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٦ زیاتر ١٣٥،٠٠٠ پەنابەری عێراقی گەیشتوونەتە ئەوروپا و ئەمەش تەحەدایەکە کە عێراق و یەکێتیی ئەوروپا دەبێ ڕووبەڕووی ببنەوە. تەحەدای شەشەم کە ئەم دۆکیومێنتە خستوویەتەڕوو بریتییە لە پەیوەندیی نێوان عێراق و دراوسێکانی.

● **دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا و ئامانجە ستراتیژییەکانی لەگەڵ عێراق:**

ئامانجی دووەمی ئامادەکردنی ئەم ستراتیژە بریتییە لە دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان و ئامانجە ستراتیژییەکان کە خۆیان لە چەندین ئامانج و بەرژەوەندیی هاوبەشدا دەبیننەوە. لە سەرروو هەموویانەوە پاراستنی یەکێتی و سەرووەری عێراق و بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراسییە لە عێراق دا، سەرەڕای چەندین ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەشی دیکە.

● **دەستنیشانکردنی ئەولەویەتی پلانەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ هاوکاری عێراق.**

یەکێتیی ئەوروپا لە ماوەی داهاتوودا لە نۆ بواری جیاوازدا هاوکاریی عێراق دەکات بۆئەوەی بتوانێت ئەو ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشانەی لە ستراتیژەکەدا دیاریکراون بهێنێتەدی. لە مەودایەکی کورتدا هاوکاریی مرۆیی بۆ ئاوارەکان لەو شوێنانەی کە ئێستا لێی دەژین. ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە ئازادکراوەکان تا ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و باشترکردنی باری ئاسایش و بەهێزکردنی تواناکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم. ئەولەویەتێکی تری کارو پلانەکانی یەکێتی ئەوروپا لە چەند ساڵی داهاتوودا بریتی دەبێت لە چاکسازی لە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی و مافی مرۆڤ و ئاشتبوونەوەی گشتی. یەکێک لە ئەولەویەتە گرنگەکانی یەکێتی ئەوروپا بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و لە خاڵی پێنجەمی ئەوەلیاتی کاری داهاتووی یەکێتییەکە ڕاستەوخۆ ئاماژە دراوە بە بایەخی

**یەکێتی ئەوروپا ڕوونتر و ڕاستەوخۆ باسی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا دەکات و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەکاتە یەکێک لە ئامانجە ستراتیژییەکان. هەوڵەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەستپێشخەرییەکانیان لە بەرزترین ئاستدا بەڵگەی ئەوەن کە ئەوروپا زیاتر بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەدات**

یەکێتیی ئەوروپا بە چارەسەرکردنی کێشەکان:

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دایەلۆگی بنیاتنەرانە: سەرکەوتنی هەڵمەتی سەربازی لە موسڵ پەیوەندی زۆری بە هاوکاری باش و یەکێتی ئامانج هەبوو لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم پەیوەندییە باشانە تووشی تەحەدا بوون بەهۆی بڕیاری تاکلایەنەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی. پێویستە یەکێتی ئەوروپا بە تەواوی پابەند بێت بە یەکێتی عێراق و پێویستە هانی هەردوو لا بدات تا ئەم ڕۆحیەتەی هاوکاریی نێوانیان بژێنینەوە بۆ ئەوەی سیستەمی فیدراڵی عێراق بەهێز بکەن و چارەسەری خاڵە ناکۆکییە درێژخایەنەکان بکەن کە کۆسپیان بۆ پەیوەندییەکان دروستکردووە. دەبێ ئەم چارەسەرە کێشەکانی نەوت و بەشکردنی داهات و ئەو کێشانە بگرێتەوە کە لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان سەریان هەڵداوە لە ڕێگەی پرۆسەی دایەلۆگی بنیاتنەرانە لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق و بەرپرسیارێتییەکانی هەردوو لا. یەکێتیی ئەوروپا لەو بڕوایەدایە کە دایەلۆگی بەردەوام لە بارەی هەموو کێشە چارەسەرنەکراوەکان گرنگە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە چوارچێوەی دەستوور دا کە ببنە هۆی پێکهێنانی پەیوەندیی جێگیر کە جێگەی ڕەزامەندی هەردوو لا بن.

جگە لەمانە یەکێتیی ئەوروپا لە چەندین بواری تردا هاوکاری عێراق دەکات بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندی و ئامانجە ستراتیژییە هاوبەشەکان.

ستراتیژی یەکێتیی ئەوروپا بەرامبەر عێراق و تێڕوانینی بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا جیاوازیی زۆری لە گەڵ ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا هەیە کە لە ١٨ی کانوونی یەکەم بە فەرمی ڕاگەیەندرا. ڕاستە هەردوو لا بەرژەوەندیی درێژخایەنیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق هەیە و هاوکارییەکانیان بۆ عێراق لەسەر بنەمای پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە دەبێت، بەڵام دیدی ئەم دوو لایەنە گرنگە بۆ ئاییندەی عێراق لە هەندێک ڕووەوە وەک یەک نییە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سێ ئامانجی ستراتیژیی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بریتین لەوەی ناوچەکە نەبێتە شوێنی مانەوە و بەهێزبوونی جیهادییە تێرۆریستەکان و ئێران و ڕووسیا نەبنە هێزی باڵادەست و ناردنی  وزە لەم ناوچەیەوە بەردەوام بێت. یەکێتیی ئەوروپا لە کاتێکدا یەکێک لە ئامانجە ستراتیژییەکانی لە عێراقدا ڕێگرتنە لە سەرهەڵدانەوەی جیهادییە تێرۆریستەکان داوا لە عێراق دەکات لە گەڵ دراوسێکانی پەیوەندیی باش بێت و تەواوبوونی شەڕی داعش بکاتە دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان. جگە لە مەسەلەی تیرۆر کە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئاسایشی وڵاتانی ئەوروپا دەکات، سەقامگیریی لە عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوروپا گرنگە بۆ کەمکردنەوەی لێشاوی کۆچ و بۆ وڵاتانی ئەندام لە یەکێتییەکەدا. یەکێتی ئەوروپا ڕوونتر و ڕاستەوخۆ باسی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا دەکات و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەکاتە یەکێک لە ئامانجە ستراتیژییەکان. هەوڵەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەستپێشخەرییەکانیان لە بەرزترین ئاستدا بەڵگەی ئەوەن کە ئەوروپا زیاتر بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەدات. ئەمەریکا و یەکێتیی ئەوروپا هاوڕان لەمەڕ پاراستنی یەکێتیی عێراق و هێشتنەوەی سەقامگیریی لە ناوچەکە، بەڵام هەردوو لاش جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکەنەوە. لەبەر ئەوەی ئەم ستراتیژەی یەکێتیی ئەوروپا تایبەتە بە عێراق و ئەوەی ئەمەریکا بۆ هەموو جیهانە، ڕەنگە بەراوردکردنی ئەم دوو دۆکیومێنتە لە ڕووی درێژە و وردەکارییەکان بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان لە جێی خۆیدا نەبێت. لە چوارچێوە گشتییەکەی ستراتیژی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دەکرێت هەرێمی کوردستانیش پێگەی گرنگی هەبێت، بەڵام پێگەو ڕۆڵی هەرێم ڕاشکاوانەتر باسکراوە لە ستراتیژی یەکێتیی ئەوروپا و دەکرێت لە هێنانەدی هەردوو ئامانجە بنەڕەتییەکە کە بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم و کەمکردنەوەی ژمارەی ئەوانەیە بەرەو ئەوروپا کۆچ دەکەن کوردستان لە ئایندەشدا ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سێ ئامانجی ستراتیژیی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بریتین لەوەی ناوچەکە نەبێتە شوێنی مانەوە و بەهێزبوونی جیهادییە تێرۆریستەکان و ئێران و ڕووسیا نەبنە هێزی باڵادەست و ناردنی  وزە لەم ناوچەیەوە بەردەوام بێت. یەکێتیی ئەوروپا لە کاتێکدا یەکێک لە ئامانجە ستراتیژییەکانی لە عێراقدا ڕێگرتنە لە سەرهەڵدانەوەی جیهادییە تێرۆریستەکان داوا لە عێراق دەکات لە گەڵ دراوسێکانی پەیوەندیی باش بێت**

# بۆچی خۆپیشاندەرانی ئێران هێندە لە ڕوحانی تووڕە بوون؟



**لە نووسینی ئەلێکس ڤەتانکا**

لە سایتی گۆڤاری فۆرن ئەفێرزدا بڵاو کراوەتەوە

لە دوای شەپۆلی ئەم دواییەی خۆپیشاندانەکانی ئێران کە لە ٢٨ی مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوو دەستیان پێکرد، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەوروپا زیاد لە پێویست جەختیان لەسەر هۆکارە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان کردووە و وەك پاڵنەری سەرەکیی تووڕەیی هاووڵاتیان وەسفیان کرد. لە ڕاستیدا گومان هەڵناگرێت کە ڕەوشی سەختی ئابووری هۆکارێکی ڕیشەییە، بەڵام نادیدەگرتنی نارەزاییە سیاسییە بنەڕەتییەکان، لەبەرچاونەگرتنی ئەو شەڕە گەورەیەیە کە لە پێناوی ئایندەی وڵاتەکەدا لە ئارادایە. هەرچەندە ڕەنگە سەرۆکی ئێران حەسەن ڕوحانی ئامانجە سەرەکییەکە نەبێت یاخود هۆکاری نزیکی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان نەبێت، بەڵام تۆماری ئەو لە دەسەڵاتدا لە دوای دووبارەهەڵبژاردنەوەی لە ئایاری ڕابردوودا مایەی نائومێدییەکی گەورە بووە بۆ نزیکەی ٢٤ ملیۆن ئێرانی کە متمانەیان پێدایەوە بۆ ئەوەی دووبارە دەسەڵات بگرێتەوە دەست. ڕوحانی لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕەفتار بکات، بەردەوام ڕێچکەکەی ڕابەری باڵا- ئایەتوڵا عەلی خامنەئی کە بە هەڵبژاردن دەسەڵاتی نەگرتۆتە دەست- گرتەبەر، بەو شێوەیە ئەو لێکدابڕانە مەترسیدارەی قووڵتر کردەوە کە لە نێوان هاوڵاتیانی ئاسایی و نوخبەی ئیسلامی شیعی حوکمڕان بوونی هەبوو، ئەو نوخبەیەی کە دەیەوێت نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە ئاساییە بکات. کەواتە جگە لە چاکسازییەکی گەورە هیچ شتێکی دیکە نابێتەهۆی ڕزگارکردنی کۆماری ئیسلامی لە مەودای دووردا.

سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا ڕوحانی بە کەسێکی ڕیفۆرمخواز وەسف دەکەن، بەڵام هیچ کاتێك خودی ڕوحانی خۆی بانگەشەی ئەوەی نەکردووە

**ڕەنگە سەرۆکی ئێران حەسەن ڕوحانی ئامانجە سەرەکییەکە نەبێت یاخود هۆکاری نزیکی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان نەبێت، بەڵام تۆماری ئەو لە دەسەڵاتدا لە دوای دووبارەهەڵبژاردنەوەی لە ئایاری ڕابردوودا مایەی نائومێدییەکی گەورە بووە بۆ نزیکەی ٢٤ ملیۆن ئێرانی کە متمانەیان پێدایەوە بۆ ئەوەی دووبارە دەسەڵات بگرێتەوە دەست. ڕوحانی لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕەفتار بکات، بەردەوام ڕێچکەکەی ڕابەری باڵا- ئایەتوڵا عەلی خامنەئی کە بە هەڵبژاردن دەسەڵاتی نەگرتۆتە دەست- گرتەبەر**

کە ڕیفۆرمخوازێکی سیاسییە، هەرگیز گەلی ئێرانیش بەم شێوەیە لێیان نەڕوانیوە. سەرکەوتنیشی لە هەڵبژاردنەکاندا پەیوەندی بەو ڕاستیەوە نەبووە کە خاوەن جەماوەرە، بەڵکو هۆکارەکەی ناجەماوەریبوونی ڕکابەرە سەختگیرەکەی بوو، کە ئیبراهیم ڕەیسی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، ڕوحانی بەڵێنێکی سەرەکی بە دەنگدەران دا کە بریتی بوو لەوەی هاووڵاتییان ئازادییەکی سیاسیی بەرفراوانتریان بۆ دەستەبەر دەبێت ئەگەر بێتوو دووبارە دەسەڵات بگرێتەوە دەست. ئەو ڕایگەیاند کە حکومەتەکەی «لە سەتا ١٠٠ حکومەتی سەرجەم ئێرانییەکان دەبێت»، هەروەها باسی لەوە کرد کە کۆشش دەکات بۆ ئەوەی ڕێگای بەشداربوونی سیاسی بکاتەوە بۆ گەنجان و ئافرەتان و کەمینە ئایینی و ئیتنییەکان. بە هەمان شێوە بەڵێنی ئازادکردنی ئەو سەرکردانەی موعارەزەی دا کە لە ساڵی ٢٠١١ەوە لە ئیقامەی جەبریدان، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر و لە سەروەختی یەکەم خولی سەرۆکایەتییەکەیدا لە ساڵی ٢٠١٣ هەمان بەڵێنی دابوو. زیادەڕەویکردن لە بەڵێنداندا لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا دیاردەیەك نییە تەنها پەیوەست بێت بە ئێرانەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ڕوحانییەوە هەبێت ئەوا کەلێنی نێوان دروشم و واقیع مایەی سەرسوڕمانە.

نائومێدییەکە لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەی دوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی دەستی پێکرد. تێیدا ڕووحانی زۆر بە وریاییەوە قسەی کرد و ئومێدێکی نەبەخشی، تەنانەت ئاماژەی بە زیندانییە سیاسییەکانی وڵاتەکەش نەکرد، کە ئازادکردنیان بەردی بناغەی بەڵێنەکانی بوو لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا. کە ئەوەش ئاماژەیەکی خراپ بوو، کە دوودڵ بوو لەوەی بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو پشتئەستورە بە دەرچوونی لە هەڵبژاردنەکاندا، لە ترسی ئەوەی نەك وەك تەحەددایەك لێکبدرێتەوە بۆ خامنەئی.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە کابینەکەی ڕوحانی خاڵییە لە کەسانی ڕیفۆرمخواز. لەوەش خراپتر، یەکە بە یەکەی ئەندامانی کابینەکەی لەلایەن خامنەئییەوە پەسەند کران. لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، گوزارشتی لە هاوسۆزیی خۆی کرد بۆ ئافرەتە چالاکوان و دەنگدەرەکان، بەڵام هیچ ئافرەتێك لە کابینەی حکومەتەکەیدا دانەمەزراند، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە چەندین لاوە ئەم داواکارییەی لێکرا. بە هەمان شێوە کەمینەی سوننەی وڵاتەکەی فەرامۆش کرد، کە نزیکەی لە سەتا ١٠ی دانیشتوانی وڵاتەکە پێکدەهێنن و لە سەروەختی هەڵبژاردنەکانیشدا پشتیوانییەکی بەرچاویان لێکرد. ( لە کوردستان و بلوجستان، کە گەورەترین پارێزگای سوننەنشینی وڵاتەکەن، لە هەر ١٠ دەنگدەرێك ٧یان پشتیوانیان لە ڕوحانی کرد). بەڵام ڕوحانی بڕیاری ڕازیکردنی پیاوە ئایینیە شیعە سەختگیرەکانیدا، ئەوانەی پشتیوانیان لە ڕکابەرەکەی، ڕەیسی، دەکرد و، هیچ سوننەیەکی لە کابینەکەی حکومەتەکەیدا دانەمەزراند. تەنانەت حکومەتەکەی ڕوحانی هیچ کەسایەتییەکی سوننەی نەکردە پارێزگار لە هیچ یەکێك لە ٣١ شارەکەی وڵاتەکەدا.

هەروەها ڕوحانی بێدەنگی هەڵبژارد کاتێك ١٢ ئەندامە هەڵنەبژێردراوەکەی ئەنجومەنی پارێزگاری لە دەستوور- کە لە ڕاستیدا تەنها لەبەردەم خامنەئیدا بەرپرسیارن و فتلەرێکن بۆ پەسەندکردنی سەرجەم یاساکانی پەرلەمان و کاندیدەکان- هەڵسان بە ڕەتکردنەوەی یاسایەکی پەرلەمانی و ڕێگریان لە هەر کەسێکی ناموسڵمان کرد کە خۆی کاندید بکات بۆ هەڵبژاردنە شارەوانییەکان. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە کەمینەی جولەکە و مەسیحی و زەردەشتییەکان وەك هاوڵاتی پلە دوو لە پرۆسەی سیاسیدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ئەم حاڵەتەش ئەو کەلێنە دیموگرافییە گەورەیە دەخاتەڕوو کە بوونی هەیە لە نێوان حوکمڕانەکانی ئێران و ئەوانەی حوکمڕانی دەکرێن. سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور، ئەحمەد جەنەتی، تەمەنی ٩٠ ساڵە و کەسێکی ئایدیۆلۆژی سەر بە ڕژێمەکەیە، ئەمە لە کاتێکدا لە سەتا ٩٠ی ئەو خۆپیشاندەرانەی لەم دواییەدا دەستگیرکران تەمەنیان لە خوار ٢٥ ساڵەوەیە.

لە دوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی، ڕوحانی دانیشتوانی چەند ناوچەیەکی سەرەکی نائومێد کردووە کە دەنگ و متمانەیان پێدا و لەبری ئەوە هەوڵی دروستکردنی پلاتفۆرمێکی دا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام بتوانێت کار لەگەڵ سەختگیرەکاندا بکات. وەك کەسایەتییەکی کە خەونی ئەوەی هەیە جێی خامنەئی بگرێتەوە و ببێتە ڕابەری باڵای وڵاتەکە، ئەوا ئەو پێی وایە بوونی ئەم لایەنە لە نێو کۆماری ئیسلامیدا گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە هەڵکشان بەسەر پەیژەی دەسەڵاتدا. بەو شێوەیە ئەو بەڵێنانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان کە چەند مانگێك پێش ئێستا بە خەڵکی دان بوونەتە یادەوەرییەکی دوور.

لە هەمووی جێی بایەختر ئەوەیە کە ڕوحانی ڕێگری نەکرد لە سوپای پاسداران- کە هێزێکی نوخبەی سیاسی- سەربازییە و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئێران دەکات لە ناوچەکەدا، وەك عێراق و سوریا، لە کاتێکدا کە سەرقاڵی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانە لە ناوخۆیدا. لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٧دا، ڕوحانی زیادکردنی بودجەی سوپای پاسدارانی ڕاگەیاند، هەروەها بەرهەڵستی فشارە نێودەوڵەتییەکانی کرد و ڕازی نەبوو بە سنوردارکردنی چالاکییە مشتومڕئامێز و گرفتئامێزەکانی ئەو سوپایە. ئەمە لە کاتێکدا تەرخانکردنی دارایی زیاتر بۆ سوپای پاسداران- کە کۆنترۆڵی پرۆگرامی مووشەکی بالیستی یان هێزی قودسی کردووە، کە ئەم هێزەش لقی دەرەکیی سوپای پاسدارانە- لە ئەجێندای ڕوحانیدا نەبوو لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لە مانگی ئایاردا. لە ڕاستیدا ناڕەزاییبوونی هەڵکشاوی دژ بە سوپای پاسداران لە دروشمی خۆپیشاندەرەکاندا بەدی دەکرا کاتێك دەیانوت « نە غەززە و نە لوبنان فیداکارین بۆ ئێران». لەم مانگانەی دواییدا، ئێران دووچاری چەند زەمینلەرزەیەکی کوشندە بۆوە، بەڵام بە دەمەوەچوونی حکومەت مایەی نائومێدی بوو، لەبەر ئەوە ئەولەویەتە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕوبەڕووی ڕەخنە و لێبووردبوونەوە بوونەتەوە.

تەنانەت کاتێك سوپای پاسداران بە ئاشکرا دژی ڕوحانی ڕاوەستایەوە- کاتێك دەزگا هەواڵگرییەکەی هەڵسا بە دەستگیرکردنی چەند هاوڵاتییەك — کە خاوەنی دوو ڕەگەزنامە بوون- و مەترسی ئەوەی دروست کرد کە وەبەرهێنە دەرەکییەکان بڕەوێنەوە کە ڕوحانی ئەوپەڕی کۆشش دەکات بۆ ئەوەی بیانهێنێتە وڵاتەکەوە تاوەکو هەلی کار دروست بکات- ئەوا سەرۆکە هەڵبژێردراوەکە بڕیاریدا هاوهەڵوێست بێت لەگەڵ کەسایەتییە سەختگیرەکانی نێو ڕژێمەکە. لە مونازەرە تەلەفزیۆنییەکەی نێوان کاندیدەکانی سەرۆکایەتی لە مانگی ئایاردا، ڕوحانی زۆر کەسی دڵخۆش کرد کاتێك هێرشی کردە سەر کەسایەتییە سەختگیرەکان- لە نێویاندا کەسایەتییەکانی نێو سوپای پاسداران- و ئاماژەی بە تاکتیکە چەتەییەکانیان کرد کە بوونەتەهۆی شێواندنی وێنەی ئێران لەسەر ئاستی جیهاندا. بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا، کارێکی کەمی کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسایەتییانە. لەم کارەشیدا، نەك تەنها شکستی هێناوە لە گێڕانەوەی هاوسەنگی لە پرسی دابەشکردنی دەسەڵاتدا لەنێوان دامەزراوە هەڵبژێردراو و هەڵنەبژێردراوەکانی نێو کۆماری ئیسلامی، بەڵکو ئەو پرسیارەشی وروژاندووە کە ئایا خودی ئەم سیستەمە کەڵکی ئەوەی ماوە لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە چاکسازی تێدا ئەنجام بدرێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٩، کاتێك ئێران خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوانی بە خۆوە بینی، ئەوا داواکاریی سەرەکی ئەو جەماوەرە بریتی بوو لە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان کە زۆر کەس پێی وابوو بەئاشکرا ساختەکاری تێدا کراوە. بەڵام خۆپیشاندەرەکانی ئەمجارە زۆر تووڕەتر بوون و داوای گۆڕینی سەرلەبەری سیستەمە سیاسییەکەیان دەکرد. درووشمەکانی « مەرگ بۆ خامنەئی» و «پیاوانی ئاینی دەبێت بڕۆن» کە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە دەوترانەوە ڕیشەییترین داواکاری بوون بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ەوە. پێدەچێت سەختگیریی مۆدێلە سیاسییەکە ئەو قەناعەتەی لای گەنجانی ئێران دروست کردووە کە ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستەمەکەدا مومکین نییە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئۆباڵەکە هەمووی ناکەوێتە ئەستۆی ڕوحانی. چونکە لە دوای خۆپیشاندانەکانی ٢٠٠٩ەوە، ئەوا خامنەئی و دارودەستەکەی بوون، وەك سوپای پاسداران، کە کۆششێکی زۆریان کرد بۆ پەکخستنی ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستمی سیاسی لە ئێراندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە دەرفەتێکن بۆ ڕوحانی بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆی بچەسپێنێت. لە دوای مانگی ئایاری ڕابردووەوە پتر بە ئاڕاستەی سەختگیرەکاندا هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی هەبێت ببێتە ڕابەری باڵای داهاتووی ئێران. بەڵام کاتێك کاریگەریی توڕەیی جەماوەری بۆ ماوەیەك لە نێو پایەکانی ڕژێمەکەیدا هەستی پێدەکرێت، ئەوا پێویستە ڕوحانی بیر لە هەڵگێڕانەوەی مێزەکە بەسەر ڕکابەرەکانیدا بکاتەوە. ئەو تەنیا بژارەی ناردنی یەك پەیامی هەیە ئەویش ئەوەیە کە : تەنها ڕێگاچارە بۆ هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی بە زیندوویی بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازییەکی سیاسیی قووڵ و مانابەخش. ڕەنگە کاتەکەش درەنگوەخت بێت، بەڵام ڕوحانی قەرزارباری نزیکەی ٢٤ ملیۆن کەسە کە دووبارە هەڵیانبژاردەوە.

**لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٧دا، ڕوحانی زیادکردنی بودجەی سوپای پاسدارانی ڕاگەیاند، هەروەها بەرهەڵستی فشارە نێودەوڵەتییەکانی کرد و ڕازی نەبوو بە سنوردارکردنی چالاکییە مشتومڕئامێز و گرفتئامێزەکانی ئەو سوپایە. ئەمە لە کاتێکدا تەرخانکردنی دارایی زیاتر بۆ سوپای پاسداران- کە کۆنترۆڵی پرۆگرامی مووشەکی بالیستی یان هێزی قودسی کردووە، کە ئەم هێزەش لقی دەرەکیی سوپای پاسدارانە- لە ئەجێندای ڕوحانیدا نەبوو لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لە مانگی ئایاردا**

# ژینگەو گەشەپێدان بۆچی؟

ئەمساڵ هەشت ساڵی تەواوە کە بەبەردەوامیی بابەتە جۆراوجۆرەکانم لەهەفتەنامەی ئازیزی گوڵاندا بڵاو دەکەمەوە ، کە بۆ جاری یەکەم لەساڵی ٢٠١٠ وە دەستم بەناردنی باسەکانم کرد.

ئەمساڵ هەستم کرد کە لە ڕووانگەی بایەخدان بەشارەزایی و پسپۆڕیتییەوە کاتی ئەوە هاتووە بابەتەکانم لە گوڵاندا بۆ باسی ژینگە تەرخان بکەم ، بەهۆی ئەوەی لەساڵی ١٩٨٦ وە ئاشنایەتیم لەگەڵ باسی ئەندازیاریی ژینگەدا پەیدا کرد کاتێك لەقۆناغی سێیەمی کۆلێژی ئەندازیاریی شارستانیی لەزانکۆی مووسڵ ئەم بابەتەمان دەخوێند، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە وەك ئەندامی دامەزرێنەری یەکەم ڕێکخراوی ژینگەپارێز بەناوی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩١ دا و، دواتریش وەك سەرۆکی ئۆفیسی هەولێری کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز لەساڵی ١٩٩٢ و ، ئینجا وەك یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەساڵانی ٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ دا.

بۆیە بە باشم زانی کە ئەمساڵ بابەتەکانم ببنە مایەی تەرخانکردنی لاپەڕەیەکی تایبەت بەژینگەو ئاوڕدانەوەیەك لەکێشەکانی و ڕێگا چارەکانی ، چونکە بەدەرکەوتنی شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری پیشەسازیی و بیناسازیی و داهێنانی چەندین مەکینەو دروستکردنی زۆرێك لەکارگەو زیادبوونی لە ڕادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بەکارهێنانی بێ سنوری پێکهاتەکانی ژینگە، گوێنەدان بەچارەنووسی نەوەکانی ئایندە، زیادبوونی زۆری ڕووبەری خانووبەرە ، کەم بوونەوەی ڕووبەری سەوزایی، کشانی ئاسۆیی شارەکان ، زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگەو هۆکارەکانی گواستنەوە ، تێکئاڵانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمیی هۆشیاریی ژینگەیی و بایەخ نەدان بەشوێنەوارەکانی پڕۆژە ئەنجامدراوەکان و...هتد، هەموو ئەمانە پاڵی بە زۆرێك لە توێژەرو کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە کە هەڵوێستەیەك بکەن لەئاست ئەم کێشە زۆرانەدا، بۆیە دەنگی ناڕەزایی و هاواری ترسناکیی و ئاگادارکردنەوە لە زۆر لاوە بڵندبۆتەوە.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش تا دێت دەستەو کۆمەڵەو گروپ و لیژنەو وەزارەتی تایبەت بە ژینگە لە وڵاتان دێنە

**بەدەرکەوتنی شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری پیشەسازیی و بیناسازیی و داهێنانی چەندین مەکینەو دروستکردنی زۆرێک لەکارگەو زیادبوونی لە ڕادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بەکارهێنانی بێ سنوری پێکهاتەکانی ژینگە، گوێنەدان بەچارەنووسی نەوەکانی ئایندە، زیادبوونی زۆری ڕووبەری خانووبەرە.. زۆری دیکە، هەموو ئەمانە پاڵی بە زۆرێک لە توێژەرو کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە کە هەڵوێستەیەک بکەن لەئاست ئەم کێشە زۆرانەدا**



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئاراوە ، بەجۆرێك كە ڕۆژ نییە لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن یان گۆڤارو بڵاوكراوە تایبەتەكانەوە باس لە پیسبوونی ژینگەو مەترسیەكانی پیسبوون نەكرێت.

وڵاتی ئێمەو هەرێمی ئێمەش لەسایەی دەستكردن بە پەرەپێدانی فراوان وا چاوەڕوان دەكرێت لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا بە شێوەیەكی بەرچاو گرفتەكانی پیسبوونی تێدا دەربكەوێت ، پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەكی پیشەسازیی و پڕبوونی شارەكانی بە دانیشتووان و شەقامەكانیش بە هۆكارەكانی گواستنەوە و، زیادەڕەویی لە بەكارهێنانی سامانی سروشتیی و بەكاربردنی بێ پلانی زانستیی و ئاستێكی بەرزی هۆشیاریی ژینگەیی و ژینگەی ڕۆشنبیریدا.

بۆیە ئەركی پاراستنی ژینگەو چاككردنی ، ئەركێكی نیشتمانی و مرۆییە ، لە هەمانكاتیشدا ئەركێكی ناوخۆیی و جیهانییە ، هەروەك ئەركی تاك و كۆمەڵگەشە لە هەمان كاتیشدا.

پسپۆڕان و كاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لە جاران زیاتر ئەركی هۆشیاركردنەوەو ئامادەكردنی باس و لێكۆڵینەوەو ئەنجامدانی ئەو میكانیزمەیان دەكەوێتە ئەستۆ، كە دەتوانرێت بەهۆیانەوە شوێنەوارەكانی ماددە پیسكارەكانی ژینگە نەهێڵن یان كەمیان بكەنەوە.

ئەمڕۆ پیسبوونی ژینگە بۆتە یەكێك لەو هۆكارانەی كە ئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە بەر هەڕەشەو مەترسییەوە، چونكە پیسبوونی ژینگە سنوورە سیاسی و ئیدارییە دەستكردەكان ناناسێت، پیسبوونی پێكهێنەرەكانیشی لە هەر شوێنێكی دنیادا بێت كاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر شوێنەكانی دیكەش لەجیهاندا.

ئێمەش كە بەشێكین لەم دنیایەو لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا كۆماندەكاتەوە، ئەركی سەرشانی هەر یەكەمانە بەپێی تواناو لە سنووری زانیارییەكانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێك بنێت لەڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاككردنی ژینگەدا.

ئەم گۆشەیەش یەكێكە لەو هەنگاوانە، بەهیوای بەردەوامبوون و ئومێدی سوودگەیاندن بە ژینگەو مرۆڤ، كە زیاتر لە سێ دەیەیە بەشێوازی جۆراوجۆرو لە پێگەو بەرپرسیارێتیی جیاجیادا بەشێكی بەرچاوی ژیانم بۆ تەرخانكردووە.

**ئێمەش كە بەشێكین لەم دنیایەو لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا كۆماندەكاتەوە، ئەركی سەرشانی هەر یەكەمانە بەپێی تواناو لە سنووری زانیارییەكانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێك بنێت لەڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاككردنی ژینگەدا**